
# پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووهەم– ژمارە۴۳۲–نیوەی ئەوەڵی گەلاوێژ ۱۴۰۲ -august2023


## شۆڕشی ژینا، دەسکەوتەکان و ئاسۆ (۲)




- گرینگی دەورانی گوزار ۲
- بەشی دووهەمی وتووێژی هاوڕێ برایم عەلیزادە لەگەڵ گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیک ۳
- پێشڕەو وەلام ئەداتەوە! ۴
- نازم حیکمەت، شاعیری دەرد ئاشنای تورکیە ۵
- بەیادی کۆمەڵکوژکردنی زیندانیانی سیاسی ساڵی ۱۳۶۷ ۶
- ئاغای قاتڵ جمهوور و جمهووری دڵخوازی ۸


### سەروتار

### لە یادی سەد ساڵەی سەپاندنی پەیمانی ناڕەوای لۆزان بەسەر خەڵکی کوردستاندا

سەد ساڵ لەمەوبەر بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم، لە درێژەی پەیمانە ئیستعمارییەکانی سایکس- پیکۆ ، پاریس، سان ڕیمۆ و سێڤەر و سەرئەنجام لۆزان، کە لە لایەن لایەنە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانی یەکەم بە سەرکردایەتی دوو دەوڵەتی براوەی شەڕ، بریتانیا و فەڕانسە بەڕیوەچوو، دابەشکردنێك لە نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، واتە ئەو ناوچانەی وا لە ژێر کونترۆڵی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بوون هاتە ئارەوە. ئەو پەیمانە ئیستعماریانە هەر کامەیان ئاڵقەی زنجیرێك بوون کە لە دەست و پێی گەلانی ئەو ناوچەیەیان هاڵاند و بۆ ماوەی سەد ساڵ کارەسات لە دوای کارەساتیان لێکەوتەوە. لە ئاکامی ئەو پەیمانانەدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە قەیراناوی ترین شوێنی سەرگۆی زەوی. ئەو قەیرانانەی کە تا بە ئەمڕۆش کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە دەستییەوە دەناڵێنن.

گەلی کورد یەکێك لە قوربانییەکانی ئە زنجیرە پەیمان نامەیە بوو. لە ئاکامی ئەو دابەشکردنە و پێکهێنانی دەوڵەتەکان و دیاریکردنی سنورەکاندا، ئەو سەرزەمینەی کە خەڵکی کورد زمان تیایدا دەژیان بە سەر سێ وڵاتی تورکیە و سوریە و عێراقدا دابەشکرا. کوردەکانی ئێران لە چوارچێوەی ئەو پەیمانەدا نەبوون.

درێژە لە لاپەڕەی ۲



لە ساڵیادی کۆچی مێژوویی مەریواندا


۷

ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمەڵە دژبە جنایەتی سەلەفیەکان لە کوردستان

۸

## دریژە ی : (سەروتار)

## لە یادی سەد ساڵەی سەپاندنی پەیمانی ناڕەوای لۆزان بەسەر خەڵکی کوردستاندا



بەمجۆرە بوو کە خەڵکی کورد لەوەی کە ببن بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەشکرا. ئەگەر چی ئەو سیاسەتە ئیستعمارییە لە ماوەی سەد ساڵدا گەلێك کارەساتی پڕ ژان و ئازاری بۆ خەڵکی کورد لێکەوتەوە بەڵام سەرئەنجام لە ناو جەرگەی ژان و ئازار و خۆڕاگریدا، پرۆسەی خەملین و شکڵگرتنی نەتەوەی کوردیی بە سەرئەنجام گەیشت.

ئەگەر ڕەوتی لەدایکبوونی نەتەوەکان لە جیهانی مۆدێرنی سەرمایەداریدا، پرۆسەی زاڵبوون بە سەر نیزامی دەربەگایەتیدا، پرۆسەی گەشەی ئابووری سەرمایەداری، پێکهاتنی بازاڕی ناوخۆ، سەرهەڵدانی دێموکراسی لیبراڵی، جمهورییەت و پارلمان و هیتر بوو، گەلی کورد بۆ بوون بە نەتەوە، نەك هەر لە دەسکەوتەکانی ڕەوتی زاڵبوونی نیزامی سەرمایەداری بە سەر نیزامی فیئۆدالی بەهەرمەند نەبوو، بەڵکوو نەتەوەی کورد لە دایکبونێکی گەلێك پڕ ژان و ئازاریشی تێپەرکرد. دەرد و ڕەنجی هاوبەش، سەرهەڵدان و تێکشکان کوردیان کرد بە یەکێك لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ژینوساید دێرسیم و کیمیا بارانی هەڵبجە و ئەنفالی ۸۰۰۰ دانیشتووی دەڤەری بارزان ۱۸۰ هەزار خەڵکی گەرمیان و کارەساتی کۆڕەو، تەنیا چەند دیمەنێکی ئەو لەدایکبوونە پڕ لە ئێش و ئازارەن.

دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان چونکە خۆیان خاوەنی پەیامێکی پێشکەوتووی سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی نەبوون، بە درێژایی ئەو سەد ساڵە نەیانتوانی خەڵکی کورد لە ناو نەتەوەی باڵادەستدا بتوێننەوە، سنوورەکانیان نەك لە ڕووی توانایی ئابووریی و بازاڕی ناوخۆ، بەڵکوو بە پێی سیاسەت و بەرژەوندی ئیستعمارگەران دیاریکرا. ئەگەرچی چەند سەرهەڵدان و موقاوەمەتی چەکداریی بەرانبەر بە داگیرکەران ڕوویدا، بەڵام ئەو خۆڕاگرییەش بە هیچ گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو، وەکوو ئەوەی کە بۆ نموونە دژ بە نیزامی فیئۆدالی بێت پشت ئەستوور نەبوو. هەربۆیە نەیاندەتوانی بەردەوام بن، تێکدەشکان و کارەساتی دڵتەزێنیان بە شوێنەوە دەبوو. خەبات و خۆڕاگریی هاوکات لە گەڵ قوربانی بوون و مەزلومییەت سەرئەنجام کوردیشی کرد بە نەتەوەیەك، بەبێ ئەوەی خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی ئابوورییەکی پێشکەوتووی سەرمایەداریی بێت.

لە یادی سەد ساڵەی پەیمانی لۆزاندا نەفرەت دەکەین لە ڕێکخەران و واژۆکارانی ئەو پەیماننامەیە. تەنیا بەهرەمەند بوونی نەتەوەی کورد لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهاتنی کەشێکی دێمکراتیك کە ئەو خەڵکە بتوانن بە ئازادی و بەبێ هەستکردن بە هیچ زەخت و زۆرێك لەو مافە ڕەوایەی خۆیان کەڵك وەرگرن، دەتوانێت وەڵامی ئەو پەیماننامە نارەوایە بێت کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندرا.

********

# گرینگی دەورانی گوزار

**ن. بێهرووز ناسری**
۲۹جولای ۲۰۲۳


ئەگەر بمانهەوێت کە لە داهاتوودا چاو لە دەورەی ئیستا بکەین، ئەوە دەورەی ئیستا دەبێتە دەورەی کۆن. هەمیشە بەینی دەورەی کۆن و دەورەی نوێ، دەورەیەکی بەینابەینی هەیە کە بە دەورەی گوزار ناسراوە. لە دەورەی گوزار دا، دەورەی کۆن نەماوە، بەڵام دەورەی تازەش ئیستا جێگیرنەبووە.

دەورەی گوزار، دەتوانێت کە دەورەی بۆشایی دەستەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بێت. دەورەیەکی کە لەودا خەبات و بەربەرەکانێ لە نێوان چین و توێژە کۆمەڵایەتی و لایەنە سیاسییەکان لەئارادایە بۆ ئەوە کە دەستەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا یەکسەرە بکەنەوە. دەورەی گوزار، دەورەیەکی گەلێک گرنگە و هەر بەو هۆکارەش پێویستە کە لە لایەن ئێمە و بزوتنەوەی سۆسیالیستی و باقی بزوتنەوە جەماوەرییە پێشکەوتنخواز و عەدالەتخوازەکان بایەخی تەواوی پێبدرێت و هەر لە ئێستاوە وشیارانە و بە ئامادەییەوە بەرەوپیری ئەو دەورەیە بڕۆین.

ئەوەی کە دەستەڵاتی سیاسی چۆن شکل دەگریت و کێ دەستەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بەدەستەوە دەگرێت، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کام یەک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئامادەیی بەڕێوەبردن و سەرپەرەشتی کردنی کۆمەڵگای هەیە.

دەستەواژەی «دەستەڵاتی سیاسی» بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش لە وشیاری و ڕێکخراوبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. بە هەمان ئەندازە کە چینی کرێکار و زەحمەتکێش بتوانێت ڕێکخراو و یەکگرتوو بێت، شانسی ئەوەی کە بتوانێت دەستەڵاتی سیاسیبەدەستەوە بگرێت یان دەوری سەرەکی تیایدا ببێت، زیاتر دەبێت. هەر بەو هۆیەشەوە کە پێداگری لە سەر یەکگرتوویی بە پێێ بەرژەوەندیی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بوونی ئاسۆی ڕوون بۆ داهاتوودا، هەرکات پێویست و زەرورە. کردەوە و هەڵسووڕانی ئێستا بناغەی داهاتوو دادەڕێژێت.

بۆ ئەوە کە مەسئەلەی گرینگی سیاست و کردەوەکانی دەورەی گوزار دەست نیشان بکردرێت، پێویستە وا فەرز بکەین کە کۆماری ئیسلامی لە حاڵی ڕووخاندایە و هەر حیزب و گروپێک هەوڵدەدات تا لە دەستەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێت. ئەودەم سەحنەی سیاسی ئێران و کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی کێبرکێی سیاسی نێوان بزوتنەوە سیاسییەکان و ئەحزابی سیاسی جۆراجۆر. و تەبیعییە کە لەو کاتەدا هێز و هاوسەنگی هێز ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە یەکلایی کردنەوەی دەستەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا.تا ئەوجێگایەی کە بە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و ئێران دەگەڕێتەوە، ئەوە ئاسۆی ڕوون، ڕێکخراوبوون و یەکگرتوویە کە هێزیان پێدەبەخشێت. دەورەی گوزار لە بواری جۆراجۆرەوە جێگای لێ وردبوونەوەیە. یەکێک لەو مەسئەلە گرینگانە ئەوەیە کە حاکمییەتی ئیستبدادی، پێشێلکردنی مافی ئینسان و سەرکوتگەریی کە ئێران مێژویەکی دوورودرێژی هەیە و خەڵکی ئێران بە گشتی تەجروبەی



فەزایەکی ئازاد و دێموکراتیکی نییە یا زۆر کەمە. بۆ ماوەیەکی کورت دووای شۆڕشی ۱۳۵۷ لە ئێران کە ئازادییە سیاسییەکان بوونی هەبوو، کرێکاران و زەحمەتکێشان لە زۆریەک لە کارخانەکان و شوێنی کار ڕێکخراوی خۆیان پێکهێنا. لە کوردستان کە فەزایەکی شۆڕشگێڕانەی بەهێزتری بوو، ئێمە شاهیدی پێکهاتنی بنکە و شوڕاکان لە شارەکانی کوردستان بوین کە سەرپەرەشتی شار و گەڕەکەکانیان دەکرت. لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئازادانە هولسووڕانیان هەبوو، میتینگیان دەگرت و ڕۆژنامەی جۆراجۆریان بڵاو دەکردەوە. فەزای سیاسی لە ئێران و دەستکەوتەکانی شۆڕشی ۱۳۵۷ کەوتە ژێر هێرشی کۆماری ئیسلامی و بەرە بە بەرە ئەو دەستکەوتانە ئەستێندرانەوە. کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر لایەنە سیاسییەکان و بە تایبەتی بەرەی چەپ و کۆمۆنیست و دەیان هەزار کەس لە هەڵسوڕاوانی سیاسی خاوەن بیروبۆچوونی جیاواز، دەستگیرکرد، ئەشکەنجەیان دان و دوواتریش لە سێدارەیاندان. لەئاکامدا شۆڕشی پێشکەوتنخوازانەی ۱۳۵۷ بە دووای سەقامگیربوونی کۆماری نگریسی ئیسلامی شکستی پێدرا. یەکێک لە خاڵە جیاوازەکان لە نێوان کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران ئەوەیە کە کوردستان خاوەنی ئەحزابی خاون مێژوون کە کۆمەڵەی کۆمۆنیست (ڕیکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) یەکێک لەو ئەحیزبە مێژوویی و خاوەن تەجروبەیە. بوونی کۆمەڵە لە کوردستان ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە لەمێژە بۆ داهاتووی کوردستان بەرنامەی خۆی بەناوی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ حاکمییەتی جەماوەری لە کوردستان پێشکەشی کۆمەڵگای کوردستانی کردووە. لەو بەرنامەیەدا لەسەر ئازادییە سیاسییەکان، دەستەڵاتی شۆڕایی خەڵک، مافی تاکەکەسی و سیستەمی بیمە و زۆر بابەتی بەنرخی دیکە ئاماژەی پێکرا کە پێویستە ئێمە زیاتر لەسەری قسە و شیکردنەوەمان ببێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ حاکمییەتی جەماوەری لە کوردستان دەتوانێت ئامرازێک بەدەستەوە بدات تەنانەت بۆ دەورەی گوزار. یانی ئێمە بۆ دەورەی گوزار بێ بەرنامە نین. بەڵام بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەو بەرنامەیە لە کوردستان جێگیر بکەین، پێویستیمان بەهێزی جەماوەریی لە کوردستان هەیە. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بە هەمان ئەندازە کە لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان وشیار و ڕێکخراو بن، بە هەمان ئەندازەش ئیمکانی ئەوەی کە ناوەڕۆکی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەستەڵاتی شۆڕایی بەڕێوە بچێت زۆرتر دەبێت. ئەگەر بڵێن کە کوردستان لایەنی سیاسی و لەوانە کۆمەڵەی هەیە کە لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و لە دەورەی گوزاردا دەتوانن دەور و نەخشی بگێڕن، ئایا باقی شوێنەکانی ئێرانیش هەر وەک کوردستانە؟ بێشک نەخێر. و یەکێک لە بەربەستەکان هەر ئەوەیە کە لە ئاستی ئێراندا ئەحزابێکی چەپی ڕێکخراوی خاوەن نفووزی کۆمەڵایەتی نادیترێت. هەرچەند ئەوە بۆخۆی یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە ئاستی ئێراندایە، بەڵام وشیاری چەپی کۆمەڵایەتی لە قامەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کرێکارییەکان، مامۆستایان، ژنان، خوێندکاران و لاوان، کوردستان و بزووتنەوەی بەلوچستان، ئومێدی ئەوەی کە هاوسەنگی بە قازانجی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بگۆڕێت، زیاتر دەکات.

خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتی سیاسی لە ئاستی کوردستان و ئێراندا، تەنیا بە خەبات و هەڵسووڕانی ئێمە و بەرەی ئازادیخواز و عەداڵەتخواز و بزووتنەوە جەماوەرییەکان خۆلاسە نابێتەوە. بەرەی ڕاست و سەڵتەنەتخواز کە پووڵ و ئیمکاناتی ڕاگەیاندنی زۆریان هەیە، تێدەکۆشن تا بە ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئامریکا، ئەوان وەک ئاڵترناتیڤی دوای کۆماری ئیسلامی بەرەسمییەت بناسن. ئەوەی کە سەڵتەنەت خوازان شانسی گەڕانەوە بۆ دەستەڵاتی سیاسییان لە ئێراندا نییە، نابێت بەو واتایە بێت کە ئەوان و باقی ئاڵترناتیڤەکانی دیکەی بەرەی ڕاست بەکەم بگیریت. ئیسلاح تەڵەبانی ئیسلامی ناو دەستەڵات و دەرەوەی دەستەڵات و کۆماریخوازانی لیبرالیش خۆیان وەک ئاڵترناتیڤی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکەن. و هەرکامێک لەوانە خەتی سیاسی خۆیانیان هەیە.

ئەوەی کە کام یەک لە بەرەی چەپ و ئازادیخواز و یان بەرەی ڕاست دەتوانێت داهاتووی دەستەڵاتی سیاسی لە ئێران یەکلایی بکاتەوە، مەسئەلەیەکی کراوە و بابەتیی خەباتی هەر ئێستایە. بە هەمان ئەندازە کە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە سەر شەقام بوونیان هەبێت، بە هەمان ئەندازەش بەرەی ڕاست ناکام دەکەن. ئەوەی کە زۆر گرینگە ئەوەیە کە لە دەورەی گوزاردا بەرەی چەپ و سۆسیالیست و ئازادیخواز و لەگەڵ ئاستەنگی زۆر بەرەوڕووە.

وا فەرز بکەین کە کۆماری ئیسلامی ڕووخا و ئێمە چوینە ناو دەورەی گوزارەوە. هەڵوێست و کردەوەی دەوڵەتەکانی وڵاتانی هاوسێی ئێران سەبارەت بە شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی چ دەبێت؟لە کوردستان کە خاوەنی ئەحزابی سیاسی جۆراجۆرە، پێوەندی و موناسباتی بەینی ئەو حیزبانە چۆن دەبێت؟ ئایا ئەو پوتانسێلە لە نێوان ئەحزابی کوردستانیدا هەیە کە بۆ بەدەستەڵات گەیشتنی خۆیان، دەست بۆ چەک بەرن و شەڕی ناوخۆیی ساز بکەن؟ ئایا ئەحزابی سیاسی هەڵسووڕاو لە کوردستان ئیحترام بۆ بیر و بۆچوونی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و بزووتنەوە جەماوەرییەکان دادەنێن؟ئەوانە و زۆر بابەتی دیکە پرسیارگەلێکی زۆر گرینگی دەورەی گوزار یا دەورەی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە.

پێداگری لە سەر چەند خاڵی سەرەکی و تێکۆشان بۆ ئەوەی کە ئەو خاڵانە هەرچی زیاتر کۆمەڵایەتی ببنەوە، بەقازانجی دوواڕۆژی بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان هەم لە کوردستان و هەم لە ئاستی ئێراندایە.


یەکەم ئەوەیکە، نەتەوە بندەستەکانی ئێران، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و باقی شوێنەکانی ئێران هاوچارەنووس و هاودەرد و پشتیوانی یەکتربن و لە خەباتی یەکتر دیفاع و پشتیوانی بکەن و هاوکات هەوڵیش بدەن بۆ ئەوەی کە پشتیوانی نەتەوەکانی وڵاتانی هاوسێی ئێران بۆلای خۆیان رابکێشن.

دووەم ئەوەی کە هەموو یەکدەست و یەکگرتووانە لە ئازادییە سیاسییەکان و باقی مافە دێمۆکراتیکەکان، لەوانە مافی تاکەکەسەکان و مافی ڕێکخراو بوون دیفاع بکەن.

سێهەم ئەوەی کە ئەحزابی هەڵسووڕاو لە کوردستان قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و زەحمەتکێشان بخەنە سەرووی قازانجی حیزبیی خۆیان و هەموو حیزبەکان ئیحترام دابنێن بۆ دەنگی خەڵک و بزووتنەوە جەماوەرییەکان و ئەوەی کە بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان هەم لە نێوان ئەحزاب و هەم لە ناو حیزبدا، تەنیا پەنادەبەنەبەر ڕێگاچارەی سیاسی و دانوستان و دیالۆگ و هەموو یەکدەنگ دەستبردن بۆ چەک لە دژی یەکتر قەدەغە بکەن. ئاستەنگەکان زۆرن و قوڵ هەڵماڵین بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ئاستەنگەکانیش بە هەمان ئەندازە گرینگە.

*********

# وتووێژێکی هاوڕێ برایم عەلیزادەیە لەگەڵ گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیک (بەشی دووهەم)



**ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە بەشی دووهەمی وتووێژی هاوڕێ برایم عەلیزادەیە لەگەڵ گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیک کە لە ڕێکەوتی ۱۸/ ۵/ ۲۰۲۳ سەبارەت بە شۆڕشی ژینا و کۆمەڵێک بابەتی دیکە ئەنجام دراوە. بەشی یەکەمی ئەم وتووێژە لە ژومارەی ۴۳۱ پێشرەو بڵاوکرایەوە.**

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** دیارە فشارێکی زۆر هەیە لە لایەن حکومەتی عێراق، حکومەتی ئێران، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، لە سەر ئێوە وەکوو ئۆپۆزسیۆن، وەکوو هێزێکی چەکدار، ئەو فشارانە گەیشتۆتە کوێ و هەڵوێستی ئێوە چی بووە و ئاڵترناتیڤی ئێوە چییە کە بۆ نموونە ئێوەش وەکوو هاوشێوەی سازمانی موجاهیدنتان بەسەر نەیەت؟ وەڵامی ئێوە چییە بۆ ئەو فشارانە؟ قسەی ئێوە ڕوو بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی باشووری کوردستان لە سەر ئەو بابەتە چییە؟ خۆ ئێوە خۆشتان دەڵێن چەند ساڵە وازمان لە خەباتی چەکداریی هێناوە، کە وایە بیانووەکە چییە؟

**برایم عەلیزادە:** ئێمە ڕێکارێکمان دیاریکردووە کە بە چەند بنەمای سەرەکی پشت ئەستوورە:

یەکەم، ئێمە وەکوو کۆمەڵە لە کۆمەڵگایەکدا چالاکی دەکەین کە بەشێکە لە نەتەوەیەکی دابەشکراو لە نێوان چوار وڵاتی ناوچەکە و یەك لەوانە وڵاتی عێراقە. خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو، ئەو سەد ساڵەی کە مێژووی شکڵگرتن و خەملینی کوردە وەکوو نەتەوەیەك، هاوچارەنووس بوون، لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا لە گەڵ یەك بوون، لە دەرفەتە مێژووییەکان و دەسکەوتە مێژوویەکانی یەکتر بەهەرمەند بوون و شکست و نسکۆکانیش کەم و زۆر کاریگەری لە سەر هەردوولا بووە. خەڵکی ئەودیو ئێرەیان وەکوو پەناگایەك بۆ خۆیان چاولێکردووە و بە پێچەوانەشەوە. حزوری ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەکوو ڕێکخراوێکی دیاریکراو، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە مێژووییە. بۆ نموونە ئەوەی کە کەساڵانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆکاری سیاسی ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، بنکە و بارەگای ئێمە دەیانگرێتە باوەش و لە مەترسی ڕزگاریان دەکات، ئەوە بە هۆی ئەو سۆزە کۆمەڵایەتییە مەیسر بووە کە لێرە لە باشوور بەرانبەر بە خەڵکی ڕۆژهەڵات هەیە. لە نێوان خەڵکی عێراق و سازمانی موجاهیدین هەرگیز ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە بوونی نەبووە.

دووهەم: پێوەندی سیاسی دێرینی ئێمە لە گەڵ حیزبە سیاسییەکانی خاوەن دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە بۆ ئێمە وەکوو کۆمەڵە ئەو پێوەندییە لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان مێژوویەکی ٤٤ ساڵەی هەیە. ئەو مێژوە پڕە لە داستانی جۆراوجۆر لە هاوخەباتی و لە تێکەڵاوبوونی خوێنی تێکۆشەرانی هەر دوولا لە پێناوی ئامانجی هاوبەشدا. حیزبێکی سیاسی ناتوانێت ئەو مێژووە لەبیر بەرێتەوە.

سێهەم: ئێمە هەرێمی کوردستان وەکوو پشتی جبهەی خەباتی چەکداریی چاو لێناکەین. ئێمە پێمانوایە کە زەمینە و ئیمکان و زەرورەتی خەباتی چەکداریی پێویستە لە ناوەوەی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێك بێت. ناتوانێت بەهۆی ڕێگەپێدان یان ڕێگەپێنەدانی ئەم و ئەو هەڵبگیرسێ و یان دابمرکێتەوە. ناتوانێت ئەرك و بەرپرسیارێتی و لێکەوتەکانی تووشی خەڵکێك بکرێت کە خۆیان دەوریان نییە لە بڕیاردانەدا و پرسیان پێنەکراوە. خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆچی دەبێ لە پێناوی ستراتیژێکدا کە جیاوازە لە ستراتیژی خۆیان بۆ ڕزگاریی لە ستەمی نەتەوایەتی و یا ستراتیژی حیزبێکی دیاریکراودا باجی بۆ بدەن؟ کەوایە ئەو سیاسەتەی ئێمە پێوەندی بەوەوە نییە کە ئەمڕۆکە دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێم زەختێکیان هێناوە، بەڵکوو پێوەندی بە ئەو دوو فاکتەرەوە هەیە کە باسمکرد، واتە هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەست بە بەرسیارێتیکردن بەرانبەر بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان.

جا لە سەر ئەو بنەمایە و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەتی ئێستا ئێمە ئوردوگای ناوەندی خۆمان لە زرگوێزی گەورە وەکوو ناوەندێکی نا نیزامی ڕاگەیاندووە، کە لەڕووی کولتووریی و فەرهەنگی و سیاسییەوە ئەکتیڤ دەبێت و هەر ئەو کار و وچالاکیانەی تێدا دەکرێت کە تەشکیلاتی ئێمە بۆ نموونە لە هەر وڵاتێکی ئورووپایی ڕێگەی پێدراوە و دەیکات. پێم وایە هەرێمی کوردوستانیش شایستەی ئەوە هەیە کە ئەو مافەی کە لە ئورووپا و کانادا و ئوستڕالیا بۆ ئێمە بەڕەسمی ناسراوە، لێرەش بۆ کەسانی هاونەتەوە و هاوچارەنووسی خۆیان بەڕەسمی بناسرێت.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** دەی خۆ ئەوەیان لێ قەبووڵ نەکردوون؟

**برایم عەلیزادە:** ئەوەی ئێمە ڕەچاومانکردووە کارێکی عاقڵانە و لۆژیکییە و گفتوگۆش بۆ سەلماندنی لە ئارا دایە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** پێتوانییە ئەوە جۆرێك تەسلیم بوونە بە خواستی ئێران و حکومەتی هەرێم یان تاکتیکێکە بۆ تێپەڕبوون لەو بارودۆخە؟

**برایم عەلیزادە:** هەموو شتێك لەو سیاسەتەدا شەفافە. ئێمە وتوومانە ئەگەر چەکمان پێیە بۆ بەرگریی لە خۆمانە نەك بۆ هێرشبردن لەسەر سنوورەکانەوە. لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق کەم ماڵ هەیە لانیکەم یەك چەکی تێدا نەبێت. ئەوە لە ئاکامی بارودۆخی چەند دەیەی ڕابردودا هاتووەتە ئاراوە. عەشایر چەکدارن، حیزبی سیاسی چەکدارن، داعش هەیە، حەشدی شەعبی هەیە، تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لێرە، لە هەرێمی کوردستان تیرۆرمان دەکەن. خەڵکی ئاسایی کە چەکیان هەیە بە قەدەر ئێمە مەترسییان لەسەر نییە، مەترسی تیرۆر لێرە لە هەرێمی کوردستانیش بەردەوام بەسەر سەرمانەوەیە. ئێمە ئەگەر ئەوەمان کە زۆر بابەتێکی لۆژیکییە بۆ نەسەلمێنن، ناچینە ژێرباری بڕیارێک بەناوی " چەکداماڵین". ئێمەش دەتوانین بە شێوەی پ ك ك و پژاك سیمای هێزی چەکداریی بپارێزین، دیارە بە سیاسەتێکی جیاوازەوە واتە هەرئەو سیاسەتەش پەیڕەو بکەین کە خۆمان دامانڕشتووە کە پێمانوایە شێوازی کاریگەری خەبات لە ئێستادا بریتییە لە خەباتێکی جەماوەری و مەدەنی چارەنووس سازە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** کەوایە کۆماری ئیسلامیش بۆی هەیە ئەوەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان لە دژی پ ك ك دەیکات، لە دژی ئێوە بیکەن؟

**برایم عەلیزادە:** ئەگەرچی جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان بارودۆخی ئێمە و پ ك ك ، بەڵام نە ئەوەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەیکات و نە ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیکات هیچکامیان هیچ چەشنە شەرعییەتێکیان نییە. ئەو هێرشانەی لە هەرێمی کوردستان دەوڵەتی تورکیا بە بیانووی بوونی پ ك ك دەیکات، بەشێکە لە سیاسەتی دەستدرێژیکارانەی دەوڵەتی تورکیە. خۆ ڕۆژئاوای کوردستان هەڕەشە نەبووە بۆسەر تورکیە، کەواتە بۆچی داگیریکردووە؟ لە قوبرس و لیبیش هەروەتر؟ چوار دەوڵەتی ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا پێوەندییەکانیان لە دژی خەباتی خەڵکی کورد نەپساندووە. تورکیا و کۆماری ئیسلامی بە جۆرێك لە جۆرەکان پێیان ناخۆش نییە ئێمە بە شێوەیەکی کەم زەرەر لە هەرێمی کوردستان بوونمان هەر هەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام بیانوویەکیان هەبێت بۆ دەست تێوەردان لە چارەنووسی ئەو هەرێمە وەکوو کیانێکی کوردی. ئێمەش نەبین بیانوویەکی دیکە دەدۆزنەوە.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ئێوە دەڵێن کە ئێمە خەباتی چەکداریی لە هەرێمی کوردستانەوە دژ بە کۆماری ئیسلامی ناکەین، لەسەر خەباتی چەکداریش بۆچوونی تایبەت بەخۆتان هەیە، بەڵام خۆ حیزبە سیاسییەکانی دیکە هەڵوێستیان ئەوە نییە، خۆیان هەواڵی چالاکییەکانیان لە سۆشیال میدیا بڵاو دەکەنەوە، کەوایە کۆماری ئیسلامیش بە مافی خۆی دەزانێت لەدژی ئەوان کاردانەوەی هەبێت.

**برایم عەلیزادە:** وەها سیاسەتێك، یەکەم، لە بەرژەوەندی خەباتی ئێستای کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستانی ئێران نییە، دووهەم بە نیسبەت بەرژەوەندی حکومەتی هەرێم و حەڵکی باشووری کوردستانیش سیاسەتێکی گونجاو نییە، لۆژیکی نییە، مەسئوولانە نییە. ئێمە هەر ڕەخنە و گلەیی و گازندەیەکیشمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت، هەر هەڵسەنگاندنێکمان سەبارەت بە شێوەی حوکومڕانی لەو هەرێمە هەبێت، ناکرێ ئەو ڕاستییە نەبینین کە هەرێمی کوردستان و حوکومڕانییەکەی لەژێر زەختی ئاشکراو شاراوەی دەوڵەتی ناوەندی عێراق و دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیەدایە، لە ناوحۆی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا ناکۆکی هەیە، ئێمە بۆمان نییە باریان قورستر بکەین. ئێمە بۆمان نییە باجی خەباتی چەکداریی خۆمان لە کوردستانی ئێران بخەینە سەرشانی خەڵکی هەرێمی کوردستان. لە گەڵ ئەوشدا کە بۆمان هەیە چاوەڕێی ئەوەبین کە بە پێی مێژووی هاوبەش و تا ڕادەیەك ئامانجی هاوبەشمان، لە گەڵ جەماوەری خەڵکی ئەو هەرێمە لانیکەمی ئەوەی کە لە هەر وڵاتێکی ئورووپایی بۆ ئێمە وەکوو ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی سەلمێندراوە، لێرەش بۆمان بسەلمێنن.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** باشە با دواپرسیارم لەم بابەتەوە بکەم، تەسویری ئێوە بۆ داهاتووی بوونتان لە هەرێمی کوردستان چییە؟ ئایا پێتانوایە ئەم هەلومەرجە کاتییە و تێدەپەڕێت؟

**ئیبراهم عەلیزادە:** ئاسۆی بوون و شێوەی مانەوە و چالاکی ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێوەندی هەیە بە گۆڕانکارییەکانی ناوەوەی ئێران. کۆمەڵگای ئێران و دەسەڵاتە سیاسییەکەشی لە بارودۆخێکی بە تەواوی جیاواز لەچاو ٤٠ ساڵی ڕابردوودا دایە. ئایا کۆماری ئیسلامی ئەو قەیرانە سیاسییە تێپەڕ دەکات و بۆ دەورەیەکی درێژماوەتر خۆی سەقامگیر دەکات، یان ڕەوتی لاوازبوونی خێراتر دەبێ و بەرەو ڕووخان یان دارمان دەڕوات؟ گەشەکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان، نزیکبوونەوەی کۆمولگای ئێران لە بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە، گۆڕانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی جەماوەر، دەرفەتی تازە بۆ خەباتی ئێمە دەخولقێنێ و کێشەکانمان لە هەرێمی کوردستان لاوەکی دەبێتەوە. کە ئەوە ڕەوتێکی چاوەڕوانکراوە. بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە حیسابی ئێمە نابێ لەسەر ئەوە بێت کە گۆیا دۆخەکەمان لە داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە باشبوون دەبێت. باشبوونی دۆخی ئێمە بە گشتی گرێدراوە بە توانایی ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی خەبات لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چونکە زەرفییەت و تواناییەکانی ئێمە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوون نەك لە هەرێمی کوردستان، بەڵکوو لە ناوەوەی کوردستانی ئێرانە. ئێمە وامان دانەناوە لێرە بە حیسابی هەرێمی کوردستان گەشە بکەین. خەڵکی ئێرە و حکومەتی ئێران خۆیان ئەولەویەتی خۆیان هەیە. ئێمە بەداهاتووی خەباتی خۆمان لە ئێران و لە کوردستان گەشبینین. بە نیسبەت چالاکیشمان لە دەرەوی وڵات نامانهەوێ قورسایی ئەو بەشە لە خەباتی خۆمان بخەینە سەر هەرێمی کوردستان، دەرەوەی وڵات بۆ ئێمە تەنیا هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکوو مەیدانێکی بەربڵاوترە.

درێژە لە لاپەڕەی ۶

# پێشڕەو وەلام ئەداتەوە!

**پرسیار:** لە سەردەمی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە سەرتاسەری ئێران لە ساڵی ١٤٠١ کە بە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا ناوزەد کرا (ڕاپەڕینێک کە بە شێوەی جۆراوجۆر هەرئێستاش بەردەوامە)، بەردەوام لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی ڕاست و لەوانە سەڵتەنەتخوازە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە، هەڵسەنگاندنێکی نەرێنیی لە شۆڕشی ١٣٥٧ کراوە و ئەم شۆڕشە و بە تایبەتی هێزە چەپ و ڕادیکاڵەکان لە هەمبەر بەشداریکردنیان لە شۆڕشەکەدا لۆمە دەکرێن. ئایا دەکرا شۆڕشی ١٣٥٧ ڕووی نەدابا؟ یان ئەو شۆڕشە دەیتوانی ڕێگایەکی تر جگە لەوەی کە حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی لێبکەوێتەوە، بگرێتەبەر؟

**وەڵامی پێشڕەو:** سەرەتا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە شۆڕش، ئەگەر بەمانای شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی بارودۆخ لە کۆمەڵگادا بێت، ئەوە دروست ناکرێت و ناتوانێ دەستکرد بێ، بەڵکوو دەستکەوتێکە کە لە دەرئەنجامی زنجیرەیەک لە هۆکار و بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لە قۆناغێکی زەمەنیدا و سەربەخۆ لە ئیرادەی هۆکارگەلی تاکەکەسی و گرووپیی ڕوودەدات. ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر شۆڕشەکان و بەتایبەت شۆڕشی ١٣٥٧ بکەین کە لە پرسیارەکەی ئێوەشدا هاتووە، بە ساکاری دەتوانین بڵێین کە: کاتێک لە لایەکەوە ئاستی داخوازییەکانی کۆمەڵگا، وەک داواکاری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بەهۆی پشتگوێخستنی لەلایەن حکوومەتەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، کاتێک کۆمەڵگا بەهۆی ئەم پشتگوێخستنەوە خوازیاری گۆڕانکاری لە هەموو ئەو پرسانەدا بوو و چیتر نەیتوانی دۆخی داسەپاو قبوڵ بکات و لە لایەکی دیکەشەوە، سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدار (سیستەمی پاشایەتی ڕەها) لەپێناو هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیدا، ڕێگری لە هەرچەشنە چاکسازی و باشترکردن و گۆڕانکارییەکی لە دۆخی هەبوودا کرد، شۆڕش لەخۆیەوە پێدەگات.

ئەم دوو شتە واتە داخوازی گۆڕانکاری لە ناخی کۆمەڵگادا و وڵام نەدانەوە بەو داخوازییانە لەلایەن دەسەڵاتەوە (ڕژێمی پاشایەتی)، وایکرد کە وردە وردە شۆڕشی ١٣٥٧ لە زەمەنێکی دیاریکراودا کە لەسەرەتاوە پێشبینی نەکراو بوو، ڕوویدات. پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە لەگەڵ دروستبوونی یەکەم نیشانەکانی خواستی چاکسازی و گۆڕانکاری، سیستەمە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانیش وردە وردە ڕێگای ئۆتۆکراسییان لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ ستەمکاری تێپەڕکرد و ڕێگاکانی چاکسازی و گۆڕانکارییان لە هەموو بوارێکەوە بەست و تەنیا بە پشتبەستن بەم توانایییە (ستەمکاری لەرادەبەدەر) لە سەنگەری خۆڕاگریی لەبەرامبەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوە کۆمەڵایەتییەدا بەرگریی لە دەسەڵاتی خۆیان دەکەن. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگای سیاسیش لەم ڕووبەڕووبوونەوەدا هەر ڕۆژە و هەنگاو بەهەنگاو هۆشیارییەکی نوێ بەدەست دەهێنێت، ئاستی چاوەڕوانی و داواکارییەکانی کۆمەڵگا بەرز دەبێتەوە، شکڵ دەگرێت و ڕێکخراوتر دەبێت، بە جۆرێک کە لە سنووری ئەو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە هەیە، تێدەپەڕێت. لە قۆناغێکدا لە ڕەوتی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، پێکهاتەی سیاسیی دەسەڵاتدار توانایی خۆڕاگری نامێنێت و سەرەنجام دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئاڵوگۆڕ پێکهێنەر لە دۆخی هەبوودا. بەرلەوەی بچینە سەر وڵامی دواتر، زۆر کەس پێیان وایە شۆڕشەکانی دوای سەرکەوتن مەحکووم نین بەوەی کە تەنیا یەک ڕێگا درێژەپێبدەن. هەموو شۆڕشێک پاش سەرکەوتن، واتە پاش ڕووخاندنی حکومەتی هەبوو، دەتوانێت بە ڕێگای جۆراوجۆردا تێپەڕێت.



ئەگەر سەرهەڵدانی شۆڕشەکان بەرهەمی هیچ ئیرادەیەک نین، بەڵام لە پرۆسەی شکڵگرتنیدا، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە چالاکانەی کە چیتر هەلومەرجی داسەپاو قەبووڵ ناکەن توانیبێتیان خواستی گۆڕانکاریی لە شێوەی گوتارێکی سیاسیدا کردبێت بە خواستێکی گشتی و گشتگیر، واتە هێزێکی چالاکی کە ڕێکخرا و ڕێبەریی لۆکاڵی و سەرتاسەری خۆی مسۆگەر کردبێت، دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەوتی شۆڕش هەبێت. ئەگینا لە ڕێبازێکی گشتی و ڕەهادا، واتە بەبێ بوونی فاکتەرەکانی گوتاری سیاسی و ڕێکخراوە و ڕێبەریی، هیچ شتێکی دیاریکراو نییە کە کاریگەری لەسەر چارەنووسی شۆڕش هەبێت. واقیعییەت ئەوەیە کە، کاتێک شۆڕشێک دوای سەرکەوتن یان شکستهێنان، لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردەوام دەبێت کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان دیاریدەکەن، ئیرادە بەکۆمەڵەکان وەک ئەو شەپۆلانە وان کە لە دڵی دەریادا سەرهەڵدەدەن و کاتێک بەر کەناراوەکان دەکەون، کاتی گەڕانەوەیان لەناخی دەریادا گوم دەبن، لە کۆتاییدا بارودۆخی هەبوو بە شێوەی ئێستای خۆی یان لە شکڵ و فۆرمی دیکەدا هەروا بەردەوام دەبێت. ئەگەر باوەڕمان بە چالاکی و کاریگەریی ئیرادەی مرۆڤەکان، لە ئیرادەی تاکەوە بگرە تا ئیرادەی بەکۆمەڵ هەبێت و لە شێوەی ئەو فاکتەرانەی سەرەوەدا کورتی بکەینەوە، شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران دەیتوانی ڕێگایەکی جیاوازتر لە ڕازی بوون بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی بگرێتەبەر. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەم ئیرادە بەکۆمەڵ، واتا ئیرادەی هەموو ئەوانەی کە خوازیاری گۆڕانکاری بوون لە دۆخی هەبوودا، نە پێش لە شۆڕش و نە دوای شۆڕش، بەوجۆرەی کە پێویست بوو شکڵی نەگرت و بەداخەوە بوو بە قوربانی وەهمەکانی خۆی و ئەمرۆ و دوای ٤٤ ساڵ، هەوڵدەدات کە خۆی لەژێر باری ئەم وەهمانە ڕزگار بکات.

بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئایا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دەیتوانی ڕوونەدات؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە باسمانکرد، ئیزن بدەن با وردتر بچینە ناو باسەکەوە. بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگای ئێران بەردەوام لەبەردەم ململانێی «لێکترازان و یەکگرتوویی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسیدا» بووە. یەکگرتوویی لە کەڵەکەبوون و چڕبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و لێکترازان و دابڕان لە قەڵەمڕەوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا. لە ئاوا کۆمەڵگایەکدا پلان و پێشبینیکردن زۆر ئەستەمە. ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی دیاریکراوتر قسەبکەین، دەبێ بڵێین کە کۆمەڵگای ئێران یەکێکە لە کۆمەڵگا پێشبینی نەکراوەکانی جیهان. هەر لەم ڕووداوانەی چەند ساڵی ڕابردوودا شاهیدی چەندین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووین کە هیچیان پێشبینیکراو نەبوون. ئەڵبەت دەکرێت ڕەوتی دۆخەکە لە هێڵێکی گشتیدا هەڵسەنگاندنێکی ئەوتۆی بۆ بکرێت کە خۆری دەسەڵات ڕوو لەئاوابوونە، بەڵام ناتوانرێت پێشبینییەکی دروست بۆ کاتی پرۆسەیەکی لەو شێوەیە و ڕووداوەکانی پەیوەست بەوەوە بکرێت. ئێستا دەزانین کە بەهۆی کەڵەکەبوونی نارەزایەتییەکان، ناکارایی و گەندەڵی دەوڵەتەکان، لەدەستدانی بەتەواوەتی شەرعییەتەکەیان و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و نیزامی چاوەڕوانییەکان، لەم کاتەوە تا یەکلایی بوونەوەی تەکلیفی کۆمەڵگە وەک پرۆسەیەکی کە ئیستا کۆمەڵگا پێیدا تێدەپەڕێت، ئێمە بەردەوام لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەرەوڕوو دەبینەوە. ئەم پێشبینییە ئەمڕۆکە زۆر سادە بۆتەوە، پێویست بە زانینی زانستی ئاڵۆز ناکات. بەڵام نە دەستپێکەکەی و نە کۆتایی و دەرئەنجامەکانی پێشبینی ناکرێت. لەمەودوا بەهۆی ململانێی چاوەڕوانییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی هەبوو، کۆمەڵگای ئێران ڕووبەڕووی بزووتنەوەی یەک لە دوای یەک دەبێتەوە، تاکو ئێستا سیستەمی سیاسی توانیویەتی ئەو بزووتنەوانە سەرکوت و کۆنترۆڵک بکات و ڕەنگە لە داهاتووشدا بتوانێت سەرکوتیان بکات. بەڵام سەرەنجام لە داوی یەکێک لەو بزووتنەوەیانەدا بۆ هەمیشە گرفتار دەبێت.

هەرلەم بزووتنەوەیەی ئەم دواییەدا کە لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١دا دەستی پێکرد، نزیکەی هەموو چالاکوان و شرۆڤەکارانی سیاسی پێیان وابوو کە ئەم بزووتنەوەیە لەجۆری شۆڕشێکی سەرتاسەرییە، واتا هەمان ئەو بزووتنەوەیە کە سیستەمی سیاسی دەڕوخێنێت. بەڵام وەک لە سەرەتای ئەم باسەدا وتمان شۆڕش تەنها ئەگەرێکە، ڕەنگە ڕووداوێکی لەو شێوەیە ڕوونەدات تا هەموو پێداویستیەکانی دابین نەکرێت، نابێ بکەوینە داوی خەون خەیاڵ و فاکتەرە گرنگەکانی شۆڕشێکی سەرکەوتوو لەبیر بکەین و چاوەڕوانی ڕووداوەکان بین. جگە لەوەش نابێ پۆتانسێلەکانی ناو سیستەمی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوە سیاسییەکانی بەبێ گوتاری گشتگیری کۆمەڵایەتی و بێ ڕێکخراوە و ڕێبەریی، بەکەم بگیرێت. ساڵەکانی بەرلە ساڵی ١٣٥٧، کۆمەڵێک لە دژبەیەکی و جیاکاری و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکوتی ڕێکخراوی ئەندێشەکان، لەو فاکتەر و هۆکارانە بوون کە ڕووداوی شۆڕشیان لە دەرەوەی فەرمان و ئیرادەی ئەم و ئەو، دەکرد بە پێویستیی. ئەڵبەتە ئەم و ئەو یان ڕۆڵی کارەکتەرەکان تەنیا لەسەر ڕێکخستن و ئاراستەکردنی بناغە زێهنییەکانی شۆڕش (هەمان کاراکتەر و پێویستییەکانی پەیوەست بە ڕێبازی شۆڕش) کاریگەری دەبێت... لە ڕووی پێویستییە سیاسی و کۆمەڵناسیەکانەوە، پێویست بوو کۆمەڵگای ئێران چوارچێوەی دەسەڵاتی پاشایەتی کە بەهۆی دژبە یەکییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبوو، تێکبشێکێ و نیزامێکی نوێ بنیاد بنێتەوە. ئەگەرچی ئەم سیستەمە بەهۆی پێشینەی مێژوویی و کولتووریی لە لایەک و نەبوونی ژێرخانی گونجاو بۆ نەزمێکی نوێ لە لایەکی دیکەوە، ئەگەری سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خۆی هەبوو، بەڵام ئەمە ئەرکی کەسایەتی و گرووپ و ڕەوتە سیاسییەکان بوو کە گوتاری سیاسی ئاراستە بکەن و هەوڵ بدەن بۆ شکڵپێدان و بەهێزکردنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە زۆرترین سوودی لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەبینی، تا بە دروستکردنی ئەندێشەی ئازادی و دیموکراسی و لێبوردەیی، ڕێگرییان لە دووبارە بەرهەمهاتنەوەی نیزامی سەڵتەنەتی لە فۆرمێکی تەقلیدیتردا کردبایە. ئەڵبەتە ئەم کارە لە لایەن ڕەوتی ئایینییەوە ئەنجامدرا و هەژموونی گوتاری سیاسی خۆیان بەسەر ڕێبازی شۆڕشی ١٣٥٧دا زاڵ کرد و لەو ڕێگایەوە ویستی خۆیان بە سەرەنجام گەیاند.

جیا لەو ئاراستەیەی کە شۆڕش دواتر گرتییەبەر، ئێستا پێویستە وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و ڕەوتە سیاسییە چەپەکان، ئەگەر نەیانتوانی بە ئاراستەی شۆڕش هەژموونی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەدەست بهێنن، ئایا پێویست بوو لەو شۆڕشەدا بەشداری بکەن یان نا؟ با پێشتر ئەوە بڵێین کە ئێمە دەتوانین باس لە باشی و خراپی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ٥٧ و یان ڕەد کردنەوەی دەستکەوت و ئاوات و ئارەزووەکانی ئەو شۆڕشە بۆ ئازادی و یەکسانی بکەین، بەڵام بەدگۆیی کردن و لۆمەکردنی ئەو شۆڕشە بۆ تێپەڕبوون لە نیزامی پێشوو کارێکی بێهودەیە. وەک ئەوە وایە دابنیشین هەور و با و ئاسمان لۆمە بکەین، کە بۆچی بارانی خۆی لە ئێمە درێغ کردووە! ئێمە دەتوانین خۆمان لۆمە بکەین کە بۆچی بە لەناوبردن و تێکدانی سروشت، سووڕی سروشتی گەردونمان بەم ڕۆژە گەیاندووە، بەڵام ناتوانین پێویستی سووڕانەوەی سروشت ئیدانە بکەین.

هەربۆیە ئەگەر شۆڕش ڕووداوێکی پێویست و زەرووری بوو، لۆمەکردنی شۆڕش کارێکی بێهودەیە. با بگەڕێینەوەسەر پرسیارەکە، ئەو خەڵکەی کە لە ژێرباری ستەم و چەوساندنەوەی نیزامی پاشایەتیدا پشتیان چەمابووەوە و هەموو شۆڕشگێڕان و ڕووناکبیران و ئەوانەی کە بەرپرسیارێتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بۆخۆیان لەبەرچاو گرتبوو، ئەگەر لە کاتی هاتنەئارای پێویستی گۆڕانکاری لە دۆخی هەبوودا، بەشداری شۆڕشیان نەکردبایە، دەبوو چی بکەن؟ بەپێی ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ، هەر مرۆڤێک مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی، بەدەست خۆی بێت. بەوپێیەش هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کە لە دیاریکردنی سیستەمی سیاسیی دڵخوازی خۆیدا ڕۆڵی هەبێت.

ئێستا نەیارانی شۆڕشی ١٣٥٧ دەبێ وڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە خەڵک لە سیستەمی پێشوودا چۆن ئەم مافانەیان بەدەست دەهێنا؟ زیاتر لە دوو ڕێگایان لەبەردەمدا نەبوو. ڕێگایەک بریتی بوو لە ڕووخاندنی سیستەمەکە و ڕێگای دووەمیش بەشداریکردن بوو لەو سیستەمەدا. ڕێگای یەکەم ئەو شۆڕشەیە کە ڕوویدا. بەڵام ڕێگای دووەم، بەپێی ڕەوایەتی مێژوو، ڕژێمی شا لە نیوەی دووەمی چلەکانەوە، واتە ڕێک لەدوای بەرنامەی سێیەمەوە ڕێگای سەرەڕۆیی و خۆسەپێنی گرتەبەر و دوای شۆکە نەوتییە گەورەکەی ساڵی ١٣٥٢ (هاوکات لەگەڵ جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣)، کاتێک نرخی نەوت یەک ڕۆژە لە ٢ دۆلارەوە بۆ ١١ دۆلار بەرزبۆوە، بە ڕەهایی ڕێگای سەرەڕۆیی و خۆسەپێنی گرتەبەر. واتە ئەگەر لە دوای کودەتاکەی ٢٨ی گەلاوێژ لەگەڵ ڕژێمێکی دیکتاتۆر بەرەوڕوو بووین، لە نیوەی دووەمی چلەکانەوە لەگەڵ ڕژێمێکی سەرەڕۆ و خۆسەپێن بەرەوڕوو بووینەوە و لە ساڵی ١٣٥٢ بەدواوە لەگەڵ ڕژێمێکی بەتەواو ڕەهای خۆسەپێن بەرەوڕوو بووین کە لەو سەردەمەدا شا ئیتر هیچ کەس و هیچ شتێکی بانتر لەخۆی نەدەزانی. بەشێک لە کەڵەوەکێشییەکانی شا لەو ساڵانەدا لەئاست وڵاتانی ئورووپا، هەر لەو وەهمە سەرەڕۆیی و خۆسەپێنییەوە سەرچاوەی دەگرت. ئێستاش سەڵتەنەتخوازەکان ئەو کەڵەوەکێشیانە بە نیشانەی «ئێران پەرستی» و سەربەخۆبوون و هەروەها بەواتای ئەوە دەزانن کە گۆیا ئێران چیتر نەیدەویست باج بدات بە ئەورووپا. بەهەرحاڵ، خاڵی جەوهەریی بابەتەکە ئەوە بوو کە شا ئیتر هیچ کەس و هیچ شتێکی بانتر لەخۆی نەدەزانی. هوەیدا لە وڵامی ئەو کەسەدا کە شای وەک کەسی یەکەمی وڵات ناوبردبوو، وتەبوی: «بۆچی مەگەر ئێمە لەم وڵاتەدا کەسی دووەمیشمان هەیە کە تۆ وەک کەسی یەکەم باسی شا دەکەیت؟» هەموومان گوێڕایەڵ و ملکەچی جەنابی والاحەزرەتین و کەسی دووەم لەم وڵاتەدا بوونی نییە». لە هەلومەرجێکی ئاوادا، خەڵک بۆ گەیشتن بە ویست و چاوەڕوانییەکانیان واتە بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی کە هەر ڕۆژە پێشێل دەکرا و هەروەها ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و هێزە سیاسییە چەپەکان لە ئاست ئەو دۆخەدا دەبوو چییان بکردایە بۆ ئەوەی ئەرکی بەرپرسیارێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئینسانی خۆیان بەجێ هێنابێت؟ ئایا نەدەبوو بەشداریی ئەو شۆڕشەیان بکردایە؟ یان دەبوو هاوکاری ڕژێمی شایان بکردایە؟ لەبیرمان نەچێت، ڕژێمی شا تەحەمولی لیبراڵترین و سازشکارترین کەسانی سیاسی نەکرد، ئەو ڕایگەیاند کە هەرکەسێک بەرنامە و سیاسەتەکەی قبوڵ نەکات با ئێران بەجێبهێڵێت، ئەڵبەتە پێش ئەوە زۆرێک لە هێزە شۆڕشگێڕ و خەباتکارەکان لەلایەن ڕێکخراوی ترسناکی ساواکەوە لەناوچوون، بۆیە دەبێت مرۆڤ بپرسێت کە ڕۆشنبیران و هێزە شۆڕشگێڕەکان دەبوو چییان بکردایە؟ شا تەنانەت هەموو سیستەمی ئیداری و بەڕێوەبەرایەتی وڵاتی لە کەسانی شایستە و توانا پاک کردەوە. شا جگە لە کەسانی ملکەچ و گوێڕایەڵی خانەدانی خۆی کەسی دیکەی نەدەویست، کەواتە ئەگەر دژایەتییان نەکردبایە و هەوڵیان نەدابایە دۆخی هەبوو بگۆڕن، دەبوو چی بکەن؟ ئەوەی کە ئەم هێز و ڕەوتە سیاسییانە نەیانتوانی هەژموونی گوتاری گۆڕانکاری زاڵ بکەن و نەیانتوانی هێزی کۆمەڵایەتی ئەم گۆڕانکارییە ڕێکبخەن، ئەوەی کە لە درێژەی ڕێبازی شۆڕشەکەدا بۆ بەدیهێنانی ویستەکانی خۆی و هەروەها بۆ بەهرەمەند بوون لە ئازادی و یەکسانی، شۆڕشەکەیان بە کۆنەپەرستانی ئیسلامی دۆڕاند، ناتوانێت پێویستی شۆڕشەکە بۆ ڕووخاندنی نیزامی سەرەڕۆ و سەرکوتگەری پاشایەتی بباتەژێر پرسیارەوە. ئەڵبەت دوای ٤٤ ساڵ، هەموو ئەو لاوازی و گرفتانە دەتوانن و دەبێ ببن بە ئەزموونێک بۆ درێژەدان بەو ڕێگایە و سەرەنجام لەگۆڕنانی نیزامی سەرەڕۆ و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی.

*****

# نازم حیکمەت، شاعیری دەرد ئاشنای تورکیە

## شایستەی ڕێز لێگرتنێکی جیهانییە

**ن. سەعید ئەمانی**

دنیا بدەینە دەست منالاّن

لانیکەم بۆ ڕۆژێک

تا دنیا هەست بە ئاشتی و دۆستایەتی بکات.

منالاّن، دنیا لە دەست ئێمە وەردەگرن و

نەمامی ئەبەدی تیا دەچێنن!

نازم حیکمەت یەکێک لە شاعیرانی ناوداری سەدەی ڕابەردووە؛ لەو دەستەیە لە شاعیرانە کە بە شێعر و ژیانی خۆی دنیای تووشی سەرسوڕمان کردوە. شێعرەکانی کاردانەوەی ڕاستەوخۆی ڕەنج و ئازارەکانی سەردەمەکەی و هاواری دەروونی بوون لە پێناو ئازادی وڵات و دانیشتوانەکەیدا. ناوی ئەو لەگەڵ ئاوات و ئامانج و هیوا ڕیشەدارە بەشەریەکاندا خاوەنی پێوەندییەکی ئۆرگانیکە. ئەمەش سەمەرەی ئەو خەبات و خۆڕاگریەیە کە لە دژوارترین بارودۆخەکاندا لە مەیدانی نەبەرد و خۆڕاگریدا لە سیاچاڵ و زیندانە جۆراو جۆرەکانی وڵاتی تورکیەدا بەدەستی هێناوە. شێعرەکانی بەرهەمی ڕۆحیات و ڕوانینیەکانی لە ژیانی گەڵەکەیدا و هیوا و ئەویندارییەتی سەبارەت بە جوانییەکان و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ هەموو ئەو بەربەست و کۆسپانەدایە کە لەسەر ڕێی پڕ لە بەردەڵانی ئازادی و ڕزگاریدا قەراریان گرتووە. لەبەر ئەوەیە کە بەبیستنی ناوی نازم دنیایەک لە بیرەوەری و جوانی بە زەینندا دێنەوە. شێعرەکانی زایەڵەی ئاوات و ئامانجە جوانە ئینسانییەکان وەدەنگ دێننەوە. دەکرێت بڵێین کە هیوا، هیوای گەورەی ڕزگار بوون لە چنگ دەسەڵات و ستەمی زۆرداران و چەوسێنەران لە سایەی شێعرەکانیدا بەردەوام بە زیندویی دەمێنێتەوە. بەمجۆرەیە کە ئاوردانەوە لە ژیان و شێعرە زیندووەکانی چیرۆکی هەوڵی هەمیشە پڕلە حەماسەتی بیردێنیتەوە؛ چیرۆکی ژیانێکی لێوڕێژ لە خەبات و خۆشەویستی و ئازادیخوازی و مانەوە لەسەر پەیمان لەگەڵ خۆی و یاراندا و لەبەر گشت ئەمانەش بە غورور و سەرفەرازییەوە بەرەوپیری مەرگەوە چوون.

نازم حیکمەت شێعرەکانی ئاوێنەی بالانوێنی ژیانیەتی و بەرهەمەکانی شۆلاوگەی ئێش و ئازار، غەم و شادی، بیرو بۆچوون و هەستە سەرکێشەکانی ناخین. نازم ژیانی خۆی بەهەموو ماناوە ئاوێتەی شێعرەکانی کردووە. بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەتوانین کەسایەتی ئەم ئینسانە مەزن و خاوەن هەڵوێستە بناسین.

نازم حیکمەت بەرلە چوونی بۆ یەکێتی سۆڤییەت، لەگەڵ شێعری ئازادی فەڕانسەدا ئاشنا بوو. لە ماوەی ئەو چند ڕۆژەی لە شاری باتوم مایەوە لە ڕۆژنامەی" ئیزوسیتا" دا شێعرێکی خوێندەوە کە وێدەچێت شێعری ویلادیمیر مایاکوفسکی بووبێت، هەرچەند کە نازم حیکمەت بەهۆی ئاشنا نەبوونی بە زمانی ڕوسی، نابێ هیچی وای لێ حاڵی بووبێت بەلاّم شیوەی داڕشتن و برگەی پەنجەیی شێعرەکە هەستی دەجوڵێنێ. کاتی گەڕانەوە لە باتوم بەرەو مۆسکۆ، لە ژێر کاریگەری بینینیي خەڵکی هەژار و برسی، شێعری" گلێنەی چاوی برسییەکانی" نووسی. بەلاّم لەبەر ئەوەی کە نەیتوانی ئەم شێعرە بخاتە چوارچێوەی" هێجا" وە، بە ئیلهام وەرگرتن لە فۆڕمی شێعرەکەی ڕۆژنامەی ئیزوسیتا دەستیدایە نووسینی ئازادی شێعر.

نازم حیکمەت شاعیرێکە کە کۆمونیست بوونەکەشی وەک شێعر و ناوەکەی ناوبانگی جیهانی هەیە. لەو شێعرانەوە کە بۆ منالاّن، ژنان، زەحمەتکێشان، ستەملێکراوان و زیندانیانی گشت جیهانی نووسیوە، دەردەکەوێ، خاوەنی دڵ و دەروونێک بووە کە ئارامی و ئاسایش و ئاسوودیی ویژدانی لە بەختەوەری هەموان و ئازادی گشتیدا دەبینی و ئەمانەشی لە مەیدانی بیرو بۆچوونی کۆمەڵایەتی و خەباتکارانەی و لە شێعر و داستان و شانۆ نامەکانیدا بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕی. لە شێعری" ئەو کەسەی کە دەڕوات" دا نووسیویەتی:" هاوڕێیان مەڕواننە چاوەکانی من/ گریان لە ناخمدا قوڵپ ئەدا...

بەڵێ هەربەو چەشنەی قوڵپی گریان، ناخی دەسمێت و سەردەکات، بیر و بۆچوونەکانیشی لەناخیەوە سەرچاوە دەگرن. یەکسانیخوازی، عەدالەت و ئازادیخوازییەکەی شتێکی زاتییە. ئەنگیزەکانی لە ماوەی ژیان لە کۆمەڵگای ئیستبداد لێدراوی تورکیەدا و بینینی بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەی هەژاران و کەسانی بێ ماڵ و حاڵ، لە دەروونی خۆیدا پەروەردە و بارهێناوە. بەم تایبەتمەندیانەوەیە کە دەڕوانێتە دیاردە و شتەکان. لە تیرێژی ئەم ڕوانینەوەیە کە فۆڕم و ناوەڕۆکی شێعرەکانی دەدۆزێتەوە.



ئەو لەهەوو گۆشە و قوژبنێکی ئەم دنیایە، دەیتوانی بەو شێوەیە بنووسێت؛ کە ڕووبە سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی، کە تۆمەتباریان کردبوو بەوەی کە خائین بە نیشتمانە، نووسیویەتی:

ئەگەر وەتەن مژینی خوێنی سووری دەستەکانی ئێمە

لە کارخانەکانتاندا بێت

ئەگەر وەتەن چنگاڵی ئەربابەکانتان بێت

ئەگەر وەتەن حکومەتی باتومی پۆلیس و گورز و گۆپاڵ بێت

ئەگەر وەتەن پێگە ئەمریکاییەکان، بۆمبە ئامریکاییەکان و تۆپی ناوگانی ئامریکایی بێت

ئەگەر وەتەن ڕزگار نەبوون لە شەوەزەنگی گەنیوتان بێت

من خائین بە وەتەنم! بەڵێ خائین بە وەتەن.

وتمان کە ناو و ناوبانگی لەگەڵ هیوا و ئاواتە ڕیشەدارە بەشەریەکاندا خاوەنی پێوەندیەکی ئۆرگانیکە. لەهەمان حالّدا هاوهەنگاوی و هاوڕێی لەگەڵ جیزبە کومونیستەکانی سەردەمی خۆیدا، لەم بابەتە تایبەتەدا لە یارییە سەرسوڕهێنەرەکانی چارەنووسی ئەو بوون. سەبارەت بە نازم حیکمەت و بیر وبۆچوون و هەڵوێستەکانی نووسراوە:" لەوەی کە ڕەوتی کۆمۆنیزم لە شۆڕەوی بەرەو ئاستی دیکتاتۆرییەکی تاکە کەسی دابەزیوە، نیگەران و بێ هیوا بوو. ئەو بەردەوام بە ترس و نیگەرانییەوە سەبارەت بەم بابەتە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی و زۆرجار لەم بارەوە بێدەنگی هەڵدەبژارد. بەلاّم لای ئەو هاوڕێیانەی کە بڕوای پێیان بوو، بە هێمنانە باسی لە خەم و بێ هیواییەکانی خۆی دەکرد. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥١ دا، بە ئیلیا ئەهرنبێرگی ئاوا وتبوو:" ڕێزێکی زۆرم بۆ هاوڕێ ئیستالین هەیە، بەلاّم خوێندنەوەی ئەو شێعر و بابەتانەم بۆ تەحەمول ناکرێ کە ئەو وەک خۆرێکی درەوشاوە دەناسێنن. هەستێکی خراپە."

دوای مردنی ئیستالین کانوونی نووسەرانی شۆڕەوی داوای لە شاعیران کرد سەبارەت بە ئیستالین شێعر بنووسن. نازم حیکمەت، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، نەک ئیستالین، بەڵکوو مارکس و ئینگڵس و لێنینی خستە ناوەندی ڕەوتی شۆڕشەوە و لەکۆتایی شێعرەکەشدا جەختی لەسەر هاوپشتی چینایەتی کردەوە.

نیگەرانی و بێ هیوایی شاعیرێکی وەک نازم حیکمەت لەنێو فریوخواردوانی ئیدئۆلۆژی و دەسەڵاتدا شیاوی هەست پێکردنە.

دەڵێن:" ئەو نیگەرانی ئەوە بووە کە ئازادانە بیروبۆچوونەکانی، لەنێو هاوڕێکانیدا دەرببڕێت." بۆ کەسێکی کە لەپێناو ئازادی ڕادەربڕیندا گەلێک جار و ساڵیانی ساڵ کەوتۆتە زیندان و تا لێواری مەرگ خۆڕاگری کردووە و لە گشت دەورانی زیندانی بوونیدا، بۆساتێکیش لە بیروبۆچوون و ئارمانە ئینسانی و عەدالەت خوازانەکانی غافڵ نەبووە و ئەمەشی لە شێعر و سروودەکانی قۆناغەکانی زیندانی بوونیدا بە ڕوونی تۆمارکردووە، ترس و نیگەرانی لە شکڵی سادە و سەرەتایی خۆیدا نەیتوانیووە، واتایەکی هەبێت. بێ هیوایی و ترس و نیگەرانی لای ئەو دەبێ لە ڕەوتێکی گەورەترەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ڕاز و ڕەمزی چارەنووسی هاوڕێکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە! بەلاّم ئامانجی ئەو لە پەیوەست بوون بەم ڕەوتە بنیاتنانی دنیایەکی ئازاد و ناچینایەتی و دوور لە هەژاری و نەزانی و دابەشکردنی سەروەت و دەسەڵات و گێڕانەوەی کەسایەتی بۆ سەرجەم ئینسانەکان بووە. بە هەموو ئەمانەشەوە ئوتوپیای زۆرێک لە کۆمۆنیستە ناسراوەکانی دنیا، هەر لەو ساڵانەدا کە ئەو دەستیدەدایە مانگرتن لە خواردن و ئەم حەرەکەتە، لە ژێر سێبەری بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە، کە لە زۆر وڵاتدا، دەبووە سەردێری یەکەمی ڕۆژنامەکان، بەسەریەکدا ڕماو و وێران ببوو. گومانی تێدا نییە کە نازم ئاگاداری هەموو ئەم ڕووداوانە بوو. ڕەنگە هەر ئەم ئاگادار بوونەش بووبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ، و یان ڕەنگە، بێدەنگییە درێژماوەکانی. بابەتێکی کە ڕەنگە بووبێتە سەرچاوەی ترس و بێهیوایی و بەد گومانییەکانی. وە ئەمەش خۆی داستانێکە کە دەبێ لە جێگایەکی دیکەدا بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە.

نازم حیکمەت هێشتا زیندوو بوو کە ناوبانگ و شێعرەکانی سنوورە جیهانییەکانیان بەزاندبوو. زۆرێک لە نووسەران و هونەرمەندانی گەورەی دنیا، گەلێک جار بۆ ئازادکرانی لە زیندان دەستیانداوەتە نارەزاییەتی دەربڕین. ژان پۆل سارتر، پیکاسۆ و نێرۆدا لەنێو ئەو کەسانەدا بوون. نێرۆدا سەبارەت بەو وتوویەتی:" شێعرەکانی مەزنن، وەک ڕووبارە برینەکان. بەلاّم ئەم ڕووبارە هەروەک سێلاوێک لە پۆلا بەرەو مەیدانی خەبات لە خرۆشاندایە. ئەو ساڵانەی لە زینداندا بەسەری بردووە، زمانی شێعری نازمی تا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر گەشە پێداوە. دەنگ و زایەڵەی بەرهەمەکانی لە سەرتاسەری دنیادا دەبیسترێ. شانازی ئەکەم کە شێعرەکانم لەم دۆخە هەستیارەی خەبات لە پێناو ئاشتیدا هاوشانی شێعرەکانی نازم حیکمەت وەستاون."

ژان پۆل سارتر دەنووسێت:" نازم، دۆستێکی بەوەفا، تێکۆشەرێکی بوێر، دوژمنێکی بێ ڕاڕایی دوژمنانی ئینسان، بێ سەرنجدانە هەمووشتێک، دەیویست لەهەر شوێنێک کە دەرفەتی خزمەتکردن بە ئینسانەکانی هەیە، حزوور و بەشداری هەبێت...

بەڵێ نازم حیکمەت، شاعیری دەرد ئاشنا و کۆمۆنیستی هەمیشە زیندووی تورکیە شایستەی ڕێزلێگرتنێکی جیهانییە.

نموونەیەکیتر لە شێعرەکانی:

ڕێگای هەتاو

ڕۆشنایی دێتە پێشێ و

سەر تاپا دامدەگرێ

دنیا جوانە

وە دەستەکانم لێوڕێژی حەز و تاسە

چاو لە سەر دارەکان ناگوێزمەوە

کەوا سەوز پۆشن و ئارەزوویان بەر گرتووە.

ڕێگای هەتاو بە پێچ و پەنای دیوارەکاندا دەگوزەرێ

لە پشت پەنجێرەی دەرمانگاوە دا نیشتووم

بۆنی دەرمان هەست ناکرێ

مێخەکەکان لە شوێنێکدا پشکوتون

دەزانم.

ئەسیر بوون گرنگ نییە

ئاگاداربە!

گرنگ ئەوەیە کە تەسلیم نەبی

********

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئێدیتۆر:

ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان

:Add

Sulaymaniyeh - Rizgari st

Tel: 00964-7701567854

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:

Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە

Yahsat 1A 52.5E

Ferq: 12149

SymbolRate: 27500

Fec : Auto

www.tvkomala.com

ڕادیۆکان

بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بلاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بلاو دەبێتەوە.

# لە ساڵیادی کۆچی مێژوویی مەریواندا

٣١ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوانە. لە دوایین سەعاتەکانی شەوی ٣٠ی پووشپەڕەوە دانیشتوانی شاری مەریوان دەستیانکرد بە چۆڵکردنی شار و ئەم حەرەکەتە شۆڕشگێڕانەیە تەواوی ڕۆژی ٣١ی پووشپەڕیش درێژەی پەیدا کرد.

کۆچی خەڵکی مەریوان حەرەکەت و تاکتیکێکی شۆڕشگێڕانە بوو لە بەرانبەر سیاسەتی سەرکوتگەرانە و شەڕەنگێزانەی ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامیدا. ئەم حەرەکەتە کە بە ئیبتکار و ڕێنوێنیی هاوڕێیانی کۆمەڵە و بە تایبەتی هاوڕێ فوئادی موستەفاسوڵتانی شکڵی گرتبوو، بوو بە یەکێك لە پێناسە هەرە گرینگەکانی شێوازی خەباتی جەماوەری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا و لە ماوەیەکی کورتدا سەمپاتیی و هاودڵییەکی بەرینی لە نێو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش بە دەست هێنا. ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی بە دوای هاتنە سەر کار و پاش وەڕێخستنی شەڕی نەورۆزی خوێناوی لە سنە، بەردەوام لە بیانووی دەسپێکردنی شەڕێکی هەمەلایانە و هێرش بۆ سەر کوردستان بوو. بە دوای ڕاپەڕینی ٥٧ و هاتنە ئارای شێوەیەك لە دەسەڵاتی خەڵکی لە کوردستان، هەلومەرجێکی تا ڕادەیەکی زۆر دێموکراتیك لەم ناوچەیەدا دامەزرا بوو. کۆمەڵانی خەڵك و ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانیان وەك شۆڕای شارەکان، شۆڕای موعەلیمان، شۆڕای ئەسناف و بازاڕیان، شۆڕای کارمەندان، ڕێکخراوە جۆراجۆرەکانی کرێکاران، ژنان، لاوان و گەلێك ئۆرگان و دامەزراوەی دێموکراتیکی دیکە، کاری ئیدارە و بەڕێوەبردنی شار و ئاوایەکانی کوردستانیان بەدەستەوە گرتبوو. ئازادیی بەیان، ئازادیی دەربڕینی بیر و باوڕ، ئازادیی کۆبوونەوە، ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراوە و تەشەکول و گەلێك شتی دیکەی لەو بابەتە بنەما و پایەکانی ئەو هەلومەرجە دێموکراتیکە بوون کە لە کوردستان هاتبووە ئاراوە. بە کورتی کۆمەڵگای کوردستان خەریکی تاقیکردنەوە و ئەزموونێکی بەنرخی دێموکراسی بوو کە لە سەر باقی شوێنەکانی ئێرانیش دەتوانیێ ڕەنگدانەوەی هەبێ، هەر ئەو سەردەمە شارەکانی کوردستان ببوونە جێژوانی هەزاران ئینسانی شۆڕشگێڕ و تینووی ئازادی لە سەراسەری ئێران. کۆمەڵ کۆمەڵ لە کچان و کوڕانی شۆڕشگێڕ لە باقی شوێنەکانی ئێرانەوە دەهاتنە کوردستان و ئەو ئەزموونە بەنرخەیان تاقی دەکردەوە. دیاربوو تەحەمولی ئەو دۆخە لە کوردستان بۆ ڕژیمێك کە بنەماکانی لە سەر دیکتاتۆری، سەرکوت و دژایەتی ڕوون لەگەڵ هەر چەشنە ئازادییەك دامەزرابوو ئاسان نەبوو، بۆیە هەر وەك ئاماژەی پێکرا لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بیانوویەك بە دەست بێنێت و هێرشێکی بەرین بۆ سەر دوایین سەنگەرەکانی ئازادیی و شۆڕش دەست پێبکات. لە وەها هەلومەرجێکدا بوو کە دەوڵەت، بوونی خەڵکی چەکداری لە نێو شاری مەریوان کردبووە بیانوو و ماوەیەك بوو پەیتاپەیتا بە هێنانی هێزی تایبەت و چەك و چۆڵی زۆر و زەوەند دەستیکردبوو بە تەیارکردن و ئامادەکردنی پادگانی مەریوان بۆ هێرشکردنە سەر ئەو شارە. فەرماندەی پادگان بەردەوام هەڕەشەی دەکرد. سەرەنجام لە یەکێك لە دانیشتنەکانی نوێنەرانی خەڵك لەگەڵ پادگان کاتێك نوێنەرانی دەوڵەت ملیان بە پێشنیارەکانی نوێنەرانی خەڵك نەدا، دەستەی نوێنەرایەتی خەڵك لەو وتووێژانەدا بڕیاریاندا کە بەمەبەستی پووچەڵ کردنەوەی پیلانی ڕژیم و پێشگرتن بە کۆشتاری خەڵك، شار چۆڵ بکەن. ئەم بڕیارە دەسبەجێ بە ئاگاداری خەڵکی شار گەیشت و شوێنێك لە ١٢ کیلۆمیتری شار و لە نزیکی ئاوایی کانی میران بۆ نیشتەجێبوونی خەڵك دیاریکرا. خەڵکی شار یەکپارچە ئەم بڕیارەیان بەڕێوەبرد و شار بەتەواوی بەرەو شوێنی دیاریکراو کۆچیکرد. کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی ڕژیم هەوڵێکی زۆریان دا کە دوودڵی و ڕاڕایی لەنێو خەڵکدا پێك بێنن و لە بەڕێوەبردنی ئەم بڕیارە پاشگەزیان بکەنەوە. بەڵام کۆمەڵانی خەڵك بە پشتیوانی کردن لە نوێنەرانیان یەکدڵ و یەکدەنگ هاتنە مەیدان و شاریان بە تەواوی چۆڵکرد.

لە ماوەیەکی کورتدا هەواڵی ئەو ناڕەزایەتییە جەماوەرییە لە شار و دێهاتەکانی کوردستان دەنگی دایەوە. ئاوایییەکانی دەوروبەری مەریوان دەسبەجێ دەستیاندایە ناردنی نان و پێخۆر و یارمەتی جۆراوجۆر بەرەو ئۆردوگای کۆچبەرانی مەریوان. زۆری نەخایاند کە شەپۆلی پشتیوانیکردن و یارمەتی گەیاندن بە خەڵکی تێکۆشەری مەریوان، باقی شار و گوندەکانی کوردستانیشی گرتەوە. گەورەترین حەرەکەتی پشتیوانی لە کۆچی خەڵکی مەریوان ڕێپێوانی هەزاران کەس لە ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی ژن و پیاوی شاری سنە و سەقز و بانە بوو کە بۆ دەربڕینی ڕق و تووڕەیی خۆیان لە سیاسەتە دژی خەڵکییەکانی ڕژیمی ئیسلامی و بۆ نیشاندانی یەکدڵی و هاوپشتی خەباتکارانەیان لە خەڵکی مەریوان، بە پیادە مەودای ١٨٠ کیلۆمیتری نێوان سنە و مەریوان و سەقز و مەریوانیان لە دوو ڕێپێوانی جیاوازدا بڕی و خۆیان گەیاندە ئەو شارە.

کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی مەریوان و دواتریش ڕێپێوانی شکۆداری خەڵکی سنە و سەقز و باقی شارەکان بەرەو مەریوان، بووە هۆی دەنگدانەوەی ئەو حەرەکەتە شۆڕشگێڕانەیە هەم لە ئاستی ئێران و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییشدا. لە زۆرێك لە شوێنەکانی ئێرانەوە ڕۆژانە پەیامی پشتیوانی، گرووپی پزیشکی و دەرمان، یارمەتی تەداروکاتی و تەنانەت هێزی ئینسانی بۆ بەشداری لە پاراستنی ئەمنییەتی کۆچبەران دەگەیشتنە ئۆردووگا. گەلێك لە دەزگا ڕاگەیەنەرە گشتییە ناسراوەکان لەوانە ئاژانسە خەبەرییەکانی فەڕانسە و بی.بی.سی هەواڵ و گوزارشی ئەم حەرەکەتەیان بڵاو کردەوە و بەوجۆرە لە ماوەی ئەو کۆچەدا کە تا ١٣ی گەلاوێژی خایاند، ئەو حەرەکەتە بووە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و بوو بە بەشێك لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵك لە کوردستان.

ئەو بزووتنەوەیە جگە لە پووچەڵکردنەوەی پیلانی ڕژیم لەو سەردەمەدا و وەدواخستنی هێرش و پەلاماری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان، گەلێك دەرس و ئەزموونی بەنرخیشی لە فیداکاری، یەکگرتوویی و هاوخەباتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا پێکهێنا. ژیانی ڕۆژانەی ئۆردووگا، هاودڵی و بڕوا و متمانەی خەڵك بەیەکتر، هەوڵ و تەقالای بێوچانی خەڵك و بەڕێوەبەرانی ئۆردووگا بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی کار و بارەکان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان، نەزم و دیسیپلینی نێو ئۆردووگا، دابەشکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کۆنتڕۆڵ و پاریزگاری لە ئەمنییەتی خەڵك، ئەمانە هەمووی تێکەڵ لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی بەحسی سیاسی و کۆڕی شێعر و ئاواز و سروود و هاوکات ڕیزی یەکگرتوو و لێبڕاوی هەزاران کەسی دوو ڕێپێوانەکەی سنە و سەقز کە بە پیادە و بە خوێندنی شێعر و سروودی شۆڕشگێڕانە و لەو پەڕی نەزم و دیسیپلیندا مەودای ٢٨٠ کیلومیتری نێوان سنە - مەریوان و سەقز – مەریوانیان بڕی و خوێنێکی تازەیان کردەوە بە دەمارەکانی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەدا و شانۆیەکی لە هاوپشتی و هاوخەباتی خوڵقاندبوو کە بێگومان لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

********



## درێژەی وتووێژی هاوڕێ برایم عەلیزادە ....

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** بە دوای ڕوداوەکانی شۆڕشی ژینا لە مانگی ٩ی ساڵی ٢٠٢٢ ئاڵوگۆڕێکی زۆر پێکهات، لە ناوچەکە و لە سیاسەتی ئێوە، لە سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، ئێوە لەو ماوەیەدا ڕاگەیاندنی یاندنی زۆرتان داوە، لە ناو ئەوانەدا، چواریان سەرنجڕاکێشترن. یەکێکیان ڕاگەیندنێکتانداوە لە ١١ی مارسی ٢٠٢٣، سەبارەت بە مەنشووری ڕەزا پەهلەوی و کەسێک لە هاوبیرانیان و کەڵك وەرگرتنی نارەوا لە ناوی کۆمەڵە، ووتوتانە ئەو بەندانەی ناو ڕاگەیاندنەکە و ئەو هاوپشتییە خزمەت بە هەلومورجی کوردستان و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکات، ووتوتانە ئەو مەنشوورە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتووە کە سەرنجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ڕابکێشێ، دەزانین کە ئەو هەلومەرجە بابەتییەی کە ئەو مەنشوورەی هێنایە ئاراوە، شۆڕشی ژینا بوو، دەیانەویست سیناریۆهکانی عێراق پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس دووپات بکەنەوە، بۆچی ئێوە پێتان وایە ئەو مەنشوورە و ئەو هاوپەیمانییە خزمەتی بارودۆخی خەڵکی هەرێمی کوردستان ناکات، بۆچی ئێوە ڕەخنەتان لێگرت و پێتانوایە کارێکی خراپ بووە؟

**برایم عەلیزادە:** ئێمە هەر لە سەرەتاوە کە شۆڕشی ژینا کەوتەڕێ، بەردەوام ئەو ڕاستییەمان بە خەڵك دەوت کە نابێ چاوەڕێی سەرکەوتنێکی ئاسان و خێرا بکەن. چونکە دەمانزانی هێشتا نە جەماوەر هەموو هێزی خۆی هێناوەتە مەیدان و نە ڕژێمیش هەموو ڕووی ڕەشی خۆی دەرخستووە. دەمانزای کە لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆماری ئیسلامی ڕژێمێکی ڕوو لە کزی و لەناوچوونە و جەواوەری خەڵك لێی بێزارن، هێشتا زەرفیەتگەلێکی هەیە بۆ مانەوە کە بە تەواوی بەکاری نەهێناوە. ئەو مەنشوورەی کە ئێوە باستانکرد، بە پاڵپشتی ئەو میدیا بەهێزانەی کە لە خزمەتی دابوو، خۆشباوەڕی و چاوەڕوانی سەرکەوتنێکی خێرایان لە خەڵکدا پێکهێنابوو کە زۆر دوور بوو لە ڕاستی. واژۆکارانی ئەو مەنشوورە کەوتبوونە پەلە کە هەرچی زووتر ئاڵترناتیڤی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی پێك بێنن و پێیانوابوو ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە خێرایی ڕوو ئەدەات و گۆیا کێشەکە کێشەی ئاڵترناتیڤە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئێمە پێمانوابوو بەدیل یان ئاڵترناتیڤ لە ناوەوەی وڵاتەوە سەرهەڵدەدات. ڕێبەران پێویستە لە ناوەوەی وڵات پێبگەن، جا ئەوکاتە دەرەوەی وڵاتیش دەوری خۆی بنوێنێت. ئەوان بە پێچەوانەوە پێیانوابوو سەرجەم ڕێبەریی و دەسەڵات دەتوانێت لە دەرەوەی وڵات پێك بێت. نموونەی هاتنەوەی خومەینی و بە دەسەڵات گەیشتنی ئەویان لەبەرچاو بوو، پێیانوابوو ئامریکاشیان لە پشت دەبێ و سەرئەنجام ئەرتەش و بەشێك لە سپای پاسدارانیش پێیان پەیوەست دەبن و بەمجۆرە ئالترناتیڤی ئەوان سەروبەری پێك دێت. کە ئەوە خۆی لەخۆیدا خۆشباوەڕییەکی بێ بنەما بوو. هیچ نیشانەیەك لەوە دیار نەبوو کە ئەمریکا و ئوروپا پشتیوانییان لێبکەن. بە پێچەوانەوە ئەوکاتەی کە ئەوان خەریکی ئەو بەدیل سازکردنە بوون، دەوڵەتی ئامریکا ژێربەژێر لە تەداروکی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو. لە ناوەوەی وڵاتیش شۆڕشی ژینا نە لە ڕووی ڕێکخستنەوە نە لەڕووی ڕێبەرییەوە و نە لەڕووی جەماوەری بوونەوە نەگەیشتبووە ئەو ئاستە کە بتوانێت کۆماری ئیسلامی بڕۆخێنێت. ئەو بەناو بەدیلە بەهۆی ناواقعی بوونی بە ئاکام نەگەیشت و هاوپەیمانییەکەش زووتر لەوەی کە چاوەڕواندەکرا، هەڵوەشایەوە. پێگەی کۆمەڵایەتی نەبوو یان زۆر لاواز بوو، لە واقعییەتە سیاسیەکانیش باش تێنەگەیشتبوو.

**ئایدیا دیپلۆماتیک:** ئێوە لە ڕاگەیاندنەکەتاندا باسی کەڵك وەرگرتنی نارەوا لەناوی کۆمەڵەتان کردووە. ڕەخنەی ئێوە لە کەڵك وەرگرتنی نارەوا لە ناوی کۆمەڵە بوو یان ئێوە دژ بە خودی مەنشوورەکە بوون؟

**برایم عەلیزادە:** یەکێك لە ڕەخەکانی ئێمە ئەوە بوو کە ناوی کۆمەڵەی بە نارەوا هەڵگرتووە. پێشینەی سیاسی ئەو کۆمەلەیەی کە بۆ جەماوەرێکی زۆر لە ئێران ناسراوە، ڕێبازە سیاسییەکەی کە ئێمە نوێنەرایەتی دەکەین، هیچ نزیکایەتییەکی لە گەڵ وەها سیاسەتێك نییە. ئێمە ویستمان ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەین بۆ جەماوەری خەڵك لە ئێران، ئەوانەی کە لەوانەیە لەگەڵ جیاوازییەکانمان بە وردی ئاشنا نەبن کە لە ناسینی ڕێبازی کۆمەڵەدا تووشی هەڵە نەبن. بەو ناوەوە ئیدعایان دەکرد کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن. خەڵکی کوردستان کە کۆمەڵەیان خۆشویستووە و پشتیوانییان لێکردووە بە ئیعتباری ئەوە نەبووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێت بە هاوپەیمانی ڕەزا پەهلەوی. ئێوە دەزانن کە میدیا بەهێزەکان بە پانتایی هەموو ئێران و تەنانەت جیهانیش خەریك بوو ئەو ناوە و ئەو سیاسەت ڕاست ڕەوانەیەی جێ دەخست. بۆ دیفاع کردن لەناوی کۆمەڵە و لە پێشینەی کۆمەڵە بە تایبەت لە پێوەند لە گەڵ ئەو بابەتە زەروری بوو.

ئێمە دەبوایە لەم ڕووەشەوە کاردانەوەمان بوایە. ئێمە هەر وەها لە سەر ناوەڕۆکی مەنشوورەکە و لە سەر پێشینەی سیاسی خاوەنانی مەنشوورەکەش قسەمان هەبوو. ئەو سێ فاکتەرە بە یەکەوە ڕەخنەی ئێمە لەو مەنشوورە بەیان دەکەن.

درێژەی هەیە....

# بەیادی کۆمەڵکوژکردنی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ لە لایەن ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامییەوە

مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانان وەبیر هێنەرەوەی یەکێک لەو جەنایەتە مەترسیدارانەیە کە لە دەورانی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا، بەڕێوەچوون. ٣٥ ساڵ لەوەپێش لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ ڕژیمی ئیسلامی دەستیدایە جەنایەتێک کە ئاسەوارەکەی و بەڵگەکانی نیشانەی بێڕەحمی و دڕندەخوویی بێ سنووری کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامییە. خومەینی و ڕاوێژکارەکانی کە نیگەرانی پەرە ئەستاندنی ناڕەزایەتی کرێکاران و خەڵکی ئێران دوای شکستی ڕژیم لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراقدا بوون، بە ئامانجی ترساندنی خەڵکی وەگیان هاتوو لە شەڕ و فەلاکەتی ئابووری، بۆ کوشتنی زیندانییەکان پلانیان دانا. پرۆژەی کۆمەڵ کوژیی و کوشتنی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێراندا لە ڕۆژی هەینی ٢٨ی مانگی پووشپەڕی ١٣٦٧ تەنیا ڕۆژێک دوای خواردنی جامە ژەهرەکەی قەبوڵکردنی ئاگربەست لەو شەڕە کۆنەپەرستانەدا، لەسەر بنەمای فەرمانی خومەینی ڕێبەری ڕژیمی ئیسلامی دەستی پێکرد.

خومەینی بە دروستکردنی کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە نەییری قازی شەرع، ئیشراقی دادستان، ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێستا و جێگری ئەوکاتی دادستان کە دواتر بە هەیئەتی مەرگ ناویان دەرکرد، فەتوای مەزهەبی کوشتنی زیندانیانی سیاسییان دەرکرد. لە ناوەرۆکی ئەم فەتوایەدا کە بە خەتی خومەینی نوسراوە هاتووە:

" ڕەحمکردن بە محاربین گەوجانەیە، لێبڕاویی ئیسلام لە بەرانبەر دوژمنانی خودادا لە بنەماکانی گومان هەڵنەگری نیزامی ئیسلامییە، هیوادارم بە قین و توڕەیی شۆڕشگێڕانەی خۆتان بەرانبەر بە دوژمنانی ئیسلام ڕەزامەندی خواوەند دەستەبەر بکەن، ئەو ئاغایانەی کە تەشخیسی بابەتەکەیان لە ئەستۆیە گومان و دوودڵی بە خۆیان ڕێنەدەن و هەوڵبدەن( بە توندیی لەگەڵ کافران) دا بجولێنەوە. دوو دڵ بوون لە بابەتی قەزاییدا لەبەرچاو نەگرتنی خوێنی پاکی شەهیدەکانە و بەس".

بە خێرایی بەشوێن دەرچوونی ئەم فەرمانەدا، پێوەندی زیندانە سەرەکییەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تەواوی پچڕا. لە ماوەی نزیک بە دوو مانگدا جەنایەتێک خوڵقا کە لە شێوەی خۆیدا بێ وێنە بوو. کۆمەڵگای ئێرانی تا ساڵانێک نوقمی خەم و پەژارەیەکی قووڵ کرد. وەزارەتخانەکانی دادگوستەری و ئیتلاعات و ئیدارەی زیندانە سەرەکییەکانی ڕاگرتنی زیندانیانی سیاسی، واتە ئەوین و گەوهەر دەشتی کەرەج کرانە بەرپرسی بەڕێوەبردنی پرۆژەی کوشتاری زیندانیانی سیاسی. لە ماوەیەکی زەمەنی کەمتر لە ٢ مانگدا دەزگای کوشتار و جەنایەتی ڕژیمی ئیسلامی بە هەزاران زیندانی سیاسی بە بیر و باوەڕی جۆراو جۆرەوە ئێعدام کرد.

زیندانیانی ئێعدام کراو لە ئەوین و گەوهەردەشتیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا لە خاوەران شاردەوە، بەڵام ئەم پرۆژەیە هاوکات لە باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران و لەوانە لە کوردستانیش جێبەجێکرا. لە ڕاستیدا لەمڕۆدا نەک لە یەک گوڵزاری خاوەران، بەڵکوو دەبێ باس لە گوڵزارە خاوەرانەکان لە سەرتاسەری ئێراندا بکرێت.




کۆماری ئیسلامی تەنیا دوای ٤ مانگ و لە مانگی ڕەزبەری ١٣٦٧ بنەماڵەی قوربانیانی لە کارەساتی ئێعدام کردنیان ئاگادار کردەوە و دوای ئەوە بوو کە خەڵکی ئێران زانیان چ جەنایەتێکی دژی ئینسانی لە زیندانەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا ڕوویداوە.

بەرپرسانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی تا بە ئەمڕۆش تەنانەت بەر بە ئامادە بوونی کەسوکار و دایکانی داغدار دەگرن بچنە سەر گڵکۆی ئازیزانیان.

یەکێک لە تایبەت مەندییەکانی کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ ئەوەیە کە پەروەندەی سەرجەم قوربانییەکانی ئەم کارەساتە گەورەیە بە هەمان یاسا دژەی بەشەرییەکانی ڕژیمی ئیسلامیش کۆتاییان هاتبوو خەریکی تێپەڕکردنی حوکمەکانیان بوون. زۆربەیان تەنانەت دەورانی زیندانی خۆیان تەواو کردبوو وە چاوەڕوانی ئازادی بوون.

لەمڕۆدا کە بە هیمەتی تێکۆشەرانی سیاسی و ڕزگاربوان لە قەتڵگاکانی ئەوین، ڕەجایی شار، عادڵ ئاوا، دیزل ئاوا و زیندانی سنە و شوێنەکانی تر، ئاست و لایەنەکانی ئەم جەنایەتە دژی بەشەرییە ڕۆشن تر بۆتەوە، هەموو ساڵێک لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانەندا دەیان مەراسمی ڕێز گرتن و دەیان کەمپەینی بڵاو کردنەوەی بیرەوەری و بەڵگە و مەدرەکی ئەم جەنایەتە وەحشەتناکەی ڕژیمی ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراو جۆری دنیادا بەڕێوەدەچێت.

کرێکاران و خەڵکی ئێران بکەرانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بڕیار دەران و بەڕێوەبەرانی ئەم جەنایەتە لەبیر ناکەن و ناشیان بەخشن. حوزوری ئەم جەنایەتکارە پیشەییانە لە حاکمییەتی ئەم ڕژیمەدا نیشانی ئەدات کە ئەگەر خەڵک دەرفەتیان پێبدات بە هەمان ڕێگادا دەڕۆن کە خومەینی لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠دا و بە بەلوتکە گەیاندنی لە ساڵی ٦٧ دا پیشانیداون.

لەمڕۆدا بزوتنەوەی دادخوازی لەسەر بەستێنی شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی"، لە حاڵی پەرە ئەستاندندایە. دایکانی گیانبەختکردوان لە ڕیزی یەکەمی ئەم بزووتنەوەیەدان. یەکەم چەخماخەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن دایکانی گیانبەختکردوانی کوشتاری ٦٧ لەژێر ناوی" دایکانی خاوەران" لێدرا و چوونە شەڕی سەرانی جەنایەتکاری ڕژیم. ئێستا لە پاڵ ڕێکخراوی" دایکانی خاوەران"، ڕێکخراوەکانی" دایکانی پارکی لالە"،" دایکانی دادخواز"،" دایکانی ئاشتی"،" کۆمەڵەی دایکانی پێشڕەو" و" دایکانی شۆڕش" دژبە کۆماری ئیسلامی و ئۆرگانە سەرکوتگەرەکانی دەستیانداوەتە دادخوازیی. کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی جەنایەتکاری کە سەبەبکاری کوشتاری بەکۆمەڵی بە هەزاران کەس لە نەیارانی سیاسی خۆیانن، زۆریان هەوڵداوە تا جەنایەتەکانی دەیەی ٦٠ ڕەد بکەنەوە و هەموو بەڵگە و ئاسەوارەکانیشی لەنێو ببەن. بەڵام جەنایەتە بەرینەکانیان لە کوردستان، قەتڵی حکومەتی بەرین لە بەلوچستان، خوزستان، تورکەمەن سەحرا، تیرۆرەکانی دەرەوەی سنوور و ئێعدامە بەرینەکان لە زیندانەکاندا، بە گشتی بەڵگەمەند کراون و ئیتر شیاوی حاشا لێکردن و شاردنەوە نین.

سەرئەنجام ئەو ڕۆژە دێت کە سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دادگای عەدلی خەڵکی ئازار چەشتووی ئێراندا بکێشرێنە بەردەم مێزی محاکەمە، ڕازە سەر بە مۆرەکانی ئەو جەنایە بێ ئەژمارەی لە ماوەی حاکمییەتیاندا ئەنجامیانداوە زیاتر ئاشکرا بێت و سزای شیاوی خۆیان وەربگرن. بیرەوەری گیانبەختکردوانی کوشتاری بەکۆمەڵی ساڵی ٦٧ و باقی گیانبەختکردوانی ڕیگای ڕزگاری بەشەریەت بۆ هەتا هەتایە زیندوو و پیرۆزە.

********

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

حیزبی کۆمۆنیست:

www.cpiran.net

کۆمەڵە:

www.komalah.org

پەیام ماڵپەڕی سیاسی هەواڵنێری:

www.payaam.net

یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو:

www.yadihawrean.com

:Instagram

@Komalamedia

:Facebook

@Komalamedia

:Telegram

@Komalamedianetwork

کۆمەڵە

کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Workers of all countries, unite!
# PESHRAW
No: 432- August2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمەڵە دژبە جنایەتی سەلەفیەکان لە کوردستان

کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران




ڕۆژی سێ شەممە ٧ی پوشپە ڕە ١٤٠٢هەتاوی، فاروق ڕەشیدی ٣٤ساڵ تەمەن لە لایەن چەند ئەندامی گروپێکی تاوانباری سەلەفی لە گەڕەکەی حەماڵئاوای شاری سەقز، پەلامار دەبرێتە سەری و لە نەخۆشخانەی «شەفای» ئەو شارە گیانی لە دەست دەدات . فارووق ڕەشیدی کرێکاری بیناسازی ، ٣٥ساڵ تەمەن و باوکی منداڵێکی ٦مانگانە بوو. فاروق بە زەبری چەقۆی دڕەندانەی سەلەفیەکان گیانی لە دەست دەدات.

هەر لەم پەیوەندیەدا ڕۆژی پێنج شەممەی حەوتووی ڕابردوو ٢٩ پوشپەڕلە شاری سنە، هونەرمەندێک بە ناوی «کەریم قەوامی» دەکەویتە بەر پەلاماری وەحشیانەی سەلەفیەکان لە گەڕەکەی «عەباس ئاوا»ی ئەو شارە و گیانی لە دەست دەدات و براکەیشی بە ناوی «خالید قەوامی»بە سەختی بریندار و ڕاگوێزی نەخۆشخانەی دەکرێت . بیانووی تاوانی کوشتنی کەریم قەوامی لە سنە و فاروق ڕەشیدی لە شاری سەقز، بێ ڕێزی بە ئیسلام و ئیسلامیەکان لە لایەن گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان باسکراوە .

ئەو دوو کردەووە تیرۆریستی و جەنایتکارانەی سەلەفیەکان لە کوردستان یەکەم جار نییە ڕوودەدات و بێ گومان تا کۆماری ئیسلامیش لە دەسەڵات بێ جنایەتی وەها دووپات دەبێتەوە و پاڵپشتی ئەم تاوان و جنایتکارانە ڕاستەوخۆ و ژێربەژێر ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتیەکانی کۆماری ئیسلامییە.

ئەگەرچی تاوانی کوشتی نەیاران و بیرجیاوازان لە لایەن کۆماری جنایتکاری ئیسلامی پاش بە دەسەڵات گەیشتنی دەستی پێکرد، بەڵام لە کوردستان و لەلایەن سەلەفیەکان لە کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو و پاش قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابوری،سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەژیم و ترس و خۆف لە بەهێز بوونی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانی کوردستان و بەرەی چەپ و سکولاری ئەم بزوتنەوە دەستی پێکرد.هەربۆیە و ئەگەرچی تاوانی تازەی سەلەفیەکان لە شارەکانی سنە و سەقز تازە نییە ، بەڵام ئەم دوو تاوانە لە هەلومەرجی تازەی شۆڕشی «ژن،ژیان،ئازادی» و بە تایبەت نزیکبوونەوە لە ساڵڕۆژی قەتڵی حکومەتی «ژینا ئەمینی» و ترس لە دەست پێکی سەر لە نوێ ئەم شۆڕشە و ترساندنی لاوان و ژنان وخەڵکی نارازی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی بە دەستی سەلەفیەکان سازمان دەدرێت یا چاوپۆشی بە ئاشکاری لێدەکرێت.

جەنایەتی سەلەفیەکان لە شارەکانی کوردستان لە کاتێکدا ئەنجامدەدرێت کە یەکێک لە تایبەتمندی و خالە بەهێزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و بە تایبەت بەرەی سوسیالیست و چەپی کوردستان لە ماوەی ٤٤ساڵی ڕابردوودا، دیفاعی لێبراوانە لە ئازادی بیروباوەر و ئەندێشە بووە. ئەم تایبەتمندییەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان کە دژ بە کۆماری ئیسلامی و سەلەفییە هاوبیرەکانیەتی، پێویستە بەپارێزرێت و بە هێز بکرێت.

کۆمەڵە ، پەلاماری دڕەندانەی سەلەفیەکان لە شارەکانی سنە و سەقز بۆ سەر جیابیران و مرۆڤە ئازادیخوازەکان بە توندی مەحکووم و ڕسوا دەکات . لە هەمانحاڵدا داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان ، بە تایبەت کرێکاران، ژنان، لاوان و بەرەی چەپ و ئازادیخواز دەکات لە بەرانبەر تاوانی قەتڵ ، تیرۆر و پەلاماری سەلەفیەکان کە بە پشتیوانی و چاوپۆشی کۆماری ئیسلامی بەرێوە دەچێت بێدنگ نەبن و یەکگرتووانە لە دژیان ڕاوەستن.

دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
٩ی پوشپەری ١٤٠٢ هەتاوی
٢٧ی جولای ٢٠٢٣

دواستون

## ئاغای قاتڵ جمهوور و جمهووری دڵخوازی

ناکۆکی ئەوەی عەمامە لەسەر بە درێژایی مێژوو کردویانە هەندێ جار لە ڕیسواییگەلی جنسی و زۆر جاریش لە خزمەتیان بە دەسەڵاتی فاسد و سەرکوتگەردا خۆی دەرخستوەوە، کاتێکیش وەکوو ئەمڕۆی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و تاڵەبان بۆ خۆیان زاڵمەکەن ناکۆکیەکە لە هەموو شتێکی حکومەتەکەیان ئەچۆڕێ. توێژی عەمامە لەسەر هەمیشە دژی جوانی، شادیی، دڵخۆشی، یەکسانی و سەربەخۆیین و بۆ ئەوەی خۆر لێیان نەدات و بە قەولی کوردی بخۆر بەگ بن بە درێژایی مێژوو کەتنیان ناوەتەوە و هۆکار و ڕێخۆشکەربوون بۆ ستەمکاریی حاکمان و جەزربە گیاندن بە ڕەوتی پێشکەوتنخواز لە وڵاتانی جۆراوجۆردا. ئەوەی لێرەدا مەبەستە نموونەی نزیک و ئێرانی توێژی ئیشارە پێکراوە، بۆ نموونە ئەو سەرۆک کۆمارەی کە لە صندوقی مەلابژاردنەوە بوو بە بژاردەی ئاغا و ناوی لێنرا سەرۆکی کۆماری ئێران نە سەرۆکە و نە کۆمارێک لە ئێران هەیە کە ئەو سەرۆکایەتی بکات.

لە لایەکی تریشەوە ئەو کۆمارە دڵخوازەی ئەو لە ئێرانی ئیمڕۆدا بوونی نییە. بەڵام ئەوەی کە ئاغای قاتڵ جمهوور دەبەسێتەوە بە ئێرانەوە ژومارەی ئەو دەنگانە نییە کە هاوردوویەتی، بەڵکوو ژومارەی ئەو گیانانەیە کە ئەو لە ڕۆڵەکانی گەلانی ئێرانی سەندووە، کردویەتە سەربانێکی بەرز و دەڵێت: «مریشکی من یەل لاقی هەیە.» جەنابی و باقی بەر پرسانی کۆماری ئیسلامی کە ئەم ڕۆژانە و بەتایبەت دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی زیاتر بەرترسن و لە سێبەری گەلانی ئێرانیش دەترسن، هۆکاری هەموو گەندەڵییەکانی خۆیان دەبەسنەوە بە ناباشی و سەربزێوی شارۆمەندانی ژێر دەسەڵاتیانەوە، قسەکانیان ئەو ڕۆژانە زیاتر لە جاران ڕەنگی خەواڵوویی و وڕێنەی پێوە دیارە. بۆ نمونە کاتێک کێشەی گەندەڵی و ناکارامەییان دانیشتوانی ئێران دەخاتە باوەشی هەژاری و گۆڕ خەوی برسیەتی، ئەوان کێشەکە لە خۆیاندا نابینن و بە جۆرێک وێنای دەکەن کە خەڵکی ئێران زۆرخۆرن و ئەوەی کە ناهێڵێت ئێران وەکوو چین پێشبکەوێت ئەوەیە کە خەڵکی ئێران وەکوو گەلی چین بە دوو ژەم ڕازی نابن و سێ ژەم دەخۆن، یان کە ئاوی خواردنەوەی خەڵکیان پێدابین ناکرێت هۆکارەکەی دەبەسنەوە بەوەی کە خەڵکی ئێران دایمە لە سەیران و سەفان و خۆیان و جلەکانیان زۆر دەشۆن و ئەوە ئیتر ئاوی دنیا بهێنن بەشی ئەم میللەتە خۆشۆرە زیادەڕۆیە ناکات، کاتێکیش کارەبا دەچێت و ناتوانن بەر بگرن لە کوژانەوەی چرای ماڵان، تەبعەن لەوەشدا زیادەڕۆیی خەڵکێک کە نووری ئیمان لە دڵیاندا کز بووە و لە بەکارهێنانی کارەبادا زیادەڕەویی دەکەن هۆکارە.

وەلحاسڵ ئەو میللەتە موتیع و کەم خۆرەی ئەوان ئاواتی پێدەخوازن لە ئێران بوونی نییە، بۆیە لەم ڕۆژانەدا لە زیمباوە گەلی دڵخوازی خۆیان دۆزیوەتەوە گەلێک کە کچانی لەچک بەسەری دێنێت کە بەدەنگی حەرامی کچان سرودی سڵاو فەرماندەیان بۆ بخوێنێ. شایانی باسە هەر لە بەردەم دەروازەکەی زیمباوە هێندە خۆشی بەردڵی گرتن کە بازجوو خەبەرنگارەکەی ئاغا وتی زیمباوە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، هەڵبەت نابێ زۆر «ناحەقی ئامینە ساداتی زەبیحپوور، بازجوو هواڵنێری ناسراو» ی ڕژیم بگرین، ئەو فەقیرە مەتاری زیمباوە و ژووری بازجوویی لێ تێکچووبوو، ئەوانەی کە ژووری بازجووییان بینیوە دەزانن لە ژووری بازجوویدا هەموو شتێک بەو شێوەیە کە بازجووەکە دەڵێت، لە ژووری بازجوویا زیمباوە دەتوانێ تەنانەت ببێ بە دەروازەی ئەوروپا و ئامریکا.

هەڵبەت ئەگەر لە سەرێکی تریشەوە سەیری کەین ئەو بوونەوەرە سەمەرەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران بۆی دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیکەن بە شارۆمەنی دڵخواز بۆ وڵاتەکە و بیکەن بە خوێندکاری دڵخواز بۆ زانستگەکانی ئێران دەتوانێ وەکوو درۆنە ئێرانییەکان هەر بەشێکی لە وڵاتێکەوە هێندرابێ، سەری نابێ لە چینەوە بێت چوونکا ژنی چینی سەری ڕووتە، واتە با ئەو بەشەی لە زیمباوەوە بێت، چوون لەچک لەسەر و خۆشئاوازە و سەلام فەرماندە ئێژێ، سکی لە چینەوە بێت چوونکا بە دووژەم تێر دەبێ، دەست و لاقیشی لە کەربەلاوە بێ چوون بۆ تاوان و قەتڵ و جەنایەت تەنیا پێویستی بە پەروەردە بوونە لە زانستگەکانی ئێران. لەچک لەسەرنەکردن و قەتیس نەکردنی بەشێک لە جوانی مرۆڤ یەکێک لەو خاڵانە بەریەککەوتنی ژنانی کۆمەڵگای ئێران و حاکمانی حیجابخوازی ئێرانە، ئەوانەی کە دەیانەوێت حیجاب تا ناو چیرۆک و دنیای مناڵەکان ببەن و بۆ شاردنەوەی پێی بێ پێڵاوی ماسی خانم، پێڵاوی بۆ دابین نەکەن بەڵکوو چارشێو بکەنە سەری و لاقەکانی دابشارن، بۆ ئەوەی ناکارامەیی و بێکەڵکی خۆیان پاساو کەن دەبێ هەموو چالاکان و سیاسەتمەدارانی شایستە و تۆکمەی ئێران تیرۆر بکەن و لە ژێر چارشێوی تیرۆر و نەهێشتندا دایان بشارن، بۆ ئەوەی خوێندکاری ناڕازی و شۆڕشگێر بشارنەوە پەنا دەبەن بۆ گەندەڵی لە بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەی کۆنکۆر، بە ئیمتیاز بەخشینەوە و بە هاوردنی حەشدی شەعبی، بۆ ئەوەی برسێتی خەڵک بشارنەوە خەڵکێکی خەیاڵی دادەتاشن بۆ چین کە بە بای خوا دەژی و ڕۆژی بە دووژەم ڕازییە، بۆ ئەوەی دابین نەکردنی ئاو پاساو بکەن بۆ شارۆمەندگەلێک دەگەڕێن کە خۆ ناشوات و بە تۆز و گەرد و خاک تەیەموم دەکات و ئاو بە کار ناهێنێت، بۆ ئەوەی سڵامەت و هەناسەدان لە چاو ون ببێ وادەکات کە چارشێوێکی زەردی تەم و مژ و وردە خۆڵ باڵ بەسەر شارەکاندا بکێشێت و هەموو نیشانەکانی ژیان داپۆشێت وەها کە هەست دەکەی قاتڵ جمهور دوا ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە و هەموو وڵاتی بە جارێک مەعدوم کردووە و لە ژێر تەمی مەرگ و فەرامۆشیدا بەخاکی سپاردووە.

*******